# نامۆیی ئایینی لە ڕۆمانەکانی ڕێواس ئەحمەد و لووتفییە دلێمیدا

## ڕۆمانی گوڵچیای ڕۆحەکان و عشاق وفونوغراف وأزمنة بە نموونە

**پ.د. سەلیم ڕەشیدساڵح**

زانکۆی سەلاحەددین

salim_shwani@yahoo.com

**شیلان محەمەد ڕەشید حسێن**

بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی پەروەردە

Shelan.hussein@student.su.edu.krd

**پوختە:**

نامۆبوون وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – دەروونی و بڵاو لەناو کۆمەڵگەی مرۆییدا بوونی هەیە. لەگەڵ ڕەوشی ژیانی تاکەکاندا بەرەو دیاردەیەکی ترسناکی ناو کۆمەڵگە فشاری خستووەتە بەردەم بەرەوپێشکەوتنی تاک لە هەموو بوارەکاندا. نامۆبوون بووەتە بابەتێکی پڕبایەخی توێژەران لەگەڵێ بوار وەک «کۆمەڵناسی، ئابووری، سیاسی، دەروونناسی، زانستی، پەروەردەیی، ئەدەبی... هتد.» وەک بابەتێکی هەستیار لەناو چینی گەنجان سەری هەڵداوە، لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەدا کاریگەری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە باس لە بابەتی «نامۆیی ئایینی» بکەین و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانی دوو نووسەری ئافرەت و شێوازی ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردەییە لەسەر کارەکتەرەکانی ناو دوو ڕۆمانی هەردوو نووسەر. بەراوردکردنی ئاستی دەرکەوتنی لەسەر ڕەفتاری پاڵەوانەکاندا، هەروەها دەرخستنی لایەنی داهێنان لە گرێچنی ڕۆمانەکان و ئەڵقەی بەستنەوەی بە ژیانی واقیعی (تاک وکارەکتەرەکان) کاریگەری لە ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر (ڕێواس ئەحمەد و لووتفییە دلێمی)دا، دەرخستنی لایەنی جوانناسیی ئەدەبی لای هەردوو نووسەر.

کلیلەوشە: نامۆیی ئایینی، گوڵچیایی ڕوحەکان، بەراورد، عشاق وفۆنۆغراف وأزمنە

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لـەم توێژینەوەیـەدا: ڕێبازێکـی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ بـەراوردکاری بـەکار هاتـووە، بـۆ شـیتەڵکردنی بەرهەرمەکانـی هـەردوو نووسـەر. بـۆ دەرخسـتنی ناوەڕۆکـی ڕۆمانـەکان، پشـتمان بەلایەنـی (کۆمەڵایەتـی – ئابـووری- سیاسـی- دەروونـی) بەسـتووە، باسـکردنی دیـاردەی «نامۆیـی ئایینـی» لـە کەسـایەتیی پاڵەوانـەکان و بەراوردکردنـی لـە ڕۆمانەکانـی هـەردوو نووسـەر (ڕێـواس ئەحمـەد و لووتفییـە دلێمـی)دا، ڕەنگدانـەوەی ئـەو لایەنـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییـە بەسـەر نووسـەرەکان، تەنیـا لایەنـی جوانناسـیی بەرهەمەکانـی هـەردوو نووسـەر و ڕێچکـەی ئەدەبـی بـاس کـراوە، بـۆ ئەمـەش دوو ڕۆمانمـان هەڵبـژاردووە و بـەراوردی دەکەیـن. لـەم بـەراوردەدا بـۆ ئەنجامگەیاندنـی ئـەم توێژینەوەیـە، قوتابخانـەی بەراوردیـی ئەمریکیـمان هەڵبـژاردووە، چونکـە لـەم قوتابخانەیـەدا گرنگـی نادرێـت بـە لایەنـی کاریگەریـی نێـوان نووسـەران، بەڵکـوو هـەردوو لایەنـی جوانیـی دەق و ئاسـتی داهێنـان زیاتـر دەبنـە جێـی گرنگیـی پرۆسـەی بەراوردەکـە.

گرنگیی توێژینەوەکە :

دەرخسـتنی دیـاردەی نامۆیـی کـە دۆخێکـی کەسـایەتیی مرۆڤـە وڕەنگدانـەوەی لـە ژانـری ڕۆمانـدا، کاریگـەری ئـەو دۆخـە لەسـەر نووسـەرەکان وچۆنێتـی کردنـی بەتـەوەری گرنـگ وسـەرنج ڕاکێشـی نـاو بەرهەمەکانیـان هەروەهـا بـەراوردی ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتـی و دەروونییـە لەنـاو ڕۆمانەکانـی هـەردوو نووسـەر (ڕێـواس ئەحمـەد ولووتفییەدلیمـی)دا، ئاوردانەوەیەکـە لەبەرهەمـی نووسـەرانی ئافـرەت کـەوەک بەرگریکاریـک لەمافەکانـی ئافرەتـان کاریـان کـردووە و گرنگییـان بـە ئەدەبـی ئافرەتـان داوە لەنـاو ئەدەبـی گشـتیدا.

پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە جگـە لـە پوختـە و پێشـەکی، پێـک دێـت لـە دوو بـەش و سـەرچاوە و ئەنجـام و کورتـەی باسـەکە بەزمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی. لـە بەشـی یەکـەم کـە تیۆرییـە بـاس لـە دیاردەیـی نامۆیـی ئایینـی دەکەیـن وکۆمەڵـێ بیـروو بۆچـوون دەخەینـە ڕوو ولـە بەشـی دووەم پراکتیزەکردنـی دیاردەیـی نامۆیـی ئایینـی لـە هـەردوو ڕۆمانـی (گوڵچیـای ڕۆحـەکان)ی ڕێـواس ئەحمـەد و(عشـاق وفۆنۆغـراف وأزمنـە)ی لووتفییـە دلێمیـدا، هەروەهـا دەرخسـتنی لایەنـی بـەراوردی نێـوان هـەردوو ڕۆمـان.

پێشەکی:

نامۆبوونـی مـرۆڤ لـە ئاییـن: دەرەنجامـی نامۆبوونەکانـی پێشـووترە وەک «خـودی و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی «هەمووەمـان بـەر چەنـد بنەمایەکـی ئایینـی کەوتوویـن. بـەڵام تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی هەڵـەی بـۆ کـراوە لـە لایـەن هەنـدێ کـەس. ئـەو ئایینـە پیـرۆزەی خـودای مـەزن لـە کتێبـە ئاسـمانییەکانەوە لـە ڕێگـەی پێغەمبەرانـەوە بـۆ مرۆڤـی دابەزانـدووە، مرۆڤەکانـی تووشـی جـۆرە دەستبەسـتانەوە کـردووە کـە شـێوازی ڕەفتـار و تێگەیشـتن و تەقەبوولـی قـورس بـێ و خـۆی بـە کۆیلـە بزانـێ، کـە هەرگیـز ناکـرێ لـە بنەماکانـی لا بـدەن، هـەر هەڵەیەکیـش سـزادانی قورسـی بەدواوەیـە. بۆیـە مرۆڤـەکان مەحکوومـی کۆمەڵـێ یاسـای تونـد کـراوەن کـە هەڵگـری پەیامـی تۆقێنـەر بوونـە لـە مـردن و ئاگـری دۆزەخ، خـودای میهرەبـان و باوەڕکـردن بـە یەکتاپەرسـتی لەنـاو زۆربـەی ئـەو گەلانـەدا بوونـی هەیـە. سرووش لـە ڕێگـەی کتێبـە بیرۆزەکانـی ئاسـمان بـۆ پێغەمبەرانـی نـاردووە تـا باوەڕیـان پـێ بکـەن و لـە فرمانەکانـی خـودای میهرەبـان دەرنەچـن. هەرچەنـدە باوەڕکـردن بـە تاکایەتیـی خـودا لەنـاو هەنـدێ گـەل جیـگای قەبووڵکـردن نەبـووە، هـەر لـە دیـر زەمانـەوە تـا ئێسـتە مـرۆڤ ویـڵ بـووە بـە دوای درووسـتکردنی خوداوەندێـک بـۆ خـۆی تـا لـە کارەسـاتەکانی سرووشـت بیپارێـزی، ئـەم بیروبـاوەڕە لەنـاو کۆمەڵگـەی سـەرەتای و تـا ئێسـتەش لەنـاو چەنـد گەلێـک هـەر مـاوە کـە بـە پەرسـتنی پەیکـەرێ یاخـود ئاژەڵـێ باوەڕیـان بـە دەسـەڵاتیدا هەبـووە. دوای بڵاوبوونـەوەی ئایینـە پیـرۆزەکان، وردە وردە مـرۆڤ لـەو بـاوەڕە کۆنـەی پەرسـتنی پەیکـەر یاخـود ئـاژەڵ دوور کەوتـەوە. لـە جێگـەی ئەوانـە باوەڕکـردن بـە خـودای مـەزن و یەکتاپەرسـتی لەسـەر زەوی بـڵاو بـووەوە. باوەڕکـردن بـە ئاییـن لـە هـەرە دیـاردە کۆنەکانـە کـە هـەر لـە سـەرەتای ژیانـەوە بوونـی هەبـووە و یەکێـک بـووە لـە پێکهێنـەرە بنەڕەتییەکانـی ژیـان

بەشی یەکەم

تیۆریی نامۆییی ئایینی و بیروبۆچوونی نووسەران

نامۆییی ئایینی:

*نامۆیــی لــە ڕوانگــەی ئایینــەوە، ڕەهەندێکــی قووڵــی هەیــە، چونکــە باوەڕدارانــی یەکتاپەرســتی خــودای میهرەبــان، باوەڕیــان بــە هەبوونــی بەهەشــت و دۆزەخ و درووســتکردنی مرۆڤــە لەلایــەن خــودای میهرەبانــەوە. باوەڕیــان بــە چیرۆکــی ســزادانی مرۆڤــە لەلایــەن خــوداوە پــاش فریودانــی شــەیتان. ئــەو چیرۆکــەی پەیامێــک بــووە بــۆ بەنــدەکان تــا عیــبرەت لــەو ڕووداوە وەرگــرن و لــە فرمانەکانــی خــودا دەرنەچــن و بــەردەوام شــەیتان بــە دوژمــن بزانــن. خــودی مــرۆڤ لەگــەڵ داگرتنــەوەی بــۆ ســەر گــۆی زەوی لــە خــودی خــۆی نامــۆ بــووە، چەنــد هەســتێکی تێــدا ڕژاوە، توانــای بەرگەگرتنــی نەبــووە، ئــەم جــۆرە نامۆبوونــە لــە کتێبــە پیرۆزەکانیشــدا بــاس کــراوە لــە (کتێبــی پیــرۆزی جــووەکان کــە تەوراتــە، هەروەهــا ئینجیلــی عیســایی و قورئانــی پیــرۆز) کــە تێــدا باســی چیرۆکــی فریودانــی حەزرەتــی (ئــادەم و حــەوا) دەکات، لەلایــەن «شــەیتانەوە» پاشــان تووڕەبوونــی خــودا و ســزادانیان بــە داگرتنیــان بــۆ گــۆی زەوی، ئەمــەش بــووە هــۆکاری نامۆبوونیــان. دوورکەوتنــەوە لــە بەهەشــتی ئاســمان، ســزادانی بــە هاتنــی بــۆ ســەر گــۆی زەوی، هەســتی غوربــەت و ســەرگەردانی، پــاش بێبەشــبوون لــە هەمــوو خۆشــی و ئارامییەکــی نــاو بەهەشــت، ئــەم چیرۆکــە خــودای میهرەبــان لــە کتێبــە پیــرۆزەکان باســی کــردووە، بەهــۆی شــکاندنی فرمانــی خودایــە لەلایــەن (ئــادەم و حــەوا) خواردنــی بەروبوومێکــی قەدەغەکــراو. گوزەراندنــی ژیانێــک لەســەر ڕووی زەوی کــە ململانێــی لەنێــوان ڕۆح و جەســتەدا لەخــۆ دەگرێــت، فریودانــی لەلایەن(شــەیتانە)وە. دووچــاری» نامۆییــی ئایینــی وشــوێنی» بــووە. کاتێــک ئــادەم لەبەهەشــتا دەرکــراوە و بەهاتنــی بــۆ ســەر زەوی ,ســەرەتای* نامۆیــی» دەستنیشــان دەکرێ، ململانــێ و ماندووبــوون لەپێنــاو مانــەوەدا، خــودای میهرەبــان دەفەرمێــت: بســم اللــە الرحمــن الرحیم(فأزلهــما الشــیطان عنهــا فأخرجهــما مــما کانــا فیــە وقلنــا اهبطــوا بعظکــم لبعــض عدوولکــم في الارض مســتقر ومتــاع الی حین)(ســورة البقرة،ایــة٣٦) واتــا خــودای مــەزن دەفەرمــێ: (شــەیتان لــەو خۆشــی و ئارامییــە دەریانــی هێنــا، ئیمــەش گوتمــان دابەزنــە ســەر گــۆی زەوی تــا دوا ڕۆژ هــەر بــە دوژمنایەتــی بمێننــەوە). لــەو ســاتەدا نامۆیــی و غەریبــی دووچــاری مــرۆڤ بووەتــەوە لــە شــوێنی نیشــتەجێبوونی و دوورکەوتنــەوەی لــە هەمــوو چێــژ و خۆشــییەکانی نــاو بەهەشــت و دووچــاری ناخۆشــی و ســەختی بووەتــەوە، ئــەم چیرۆکــە لەلایــەن نووســەرانەوە بــاس کــراوە و لێکدانــەوەی بــۆ کــراوە، بەتایبەتــی لەلایــەن نووســەرانی عــەرەب و لەنــاو خــودی ڕۆمــان و شــیعرەکانیان بەرجەســتەیان کــردووە بابەتــی "نامۆیــی" پێوەنــدی بــە زانســتی کۆمەڵایەتییــەوە هەیــە، واتــە پێوەنــدی بــە لێکدانــەوە جۆراوجۆرەکانــی ڕەفتارەوەیــە هەیــە. لــە تێروانینــی ئایینیشــەوە، بیــروو و بــاوەڕی جوولەکــەکان یــان مەســیحییەکان یــان ئیســلامییەکان "نامۆیــی" لەگــەڵ چەمکێکــی بناغەییــی ئایینــدا یــەک دەگرێتــەوە، کــە بــە (جیابوونــەوەی) مــرۆڤ لــە خــوداوە شرۆڤــە کــراوە، هەروەهــا بــە جیابوونــەوەی مــرۆڤ لــە سروشــت و چێــژ و خۆشــییەکانە. تێگەیشــتن و لێکدانــەوەی ئایینــی بــۆ "نامۆیــی" ئەوەیــە کــە "نامۆیــی" دیاردەیەکــە لــە بوونــی مــرۆڤ و ژیانــی مــرۆڤ لەســەر زەوی دادەنرێــت، لــە ڕوانگــەی ئایینیشــەوە "نامۆیــی" هیچــی تــر نییــە جگــە لــە نامۆبــوون لــە نیشــتیمان و ژیانــی نەمــر و هەمیشــەیی و بەهــادارە ڕەهاکــە دەگرێتــەوە. لێــرەدا دەتوانیــن بڵێیــن دوورکەوتنــەوەی مــرۆڤ لــە خــودا، هــۆکارە بــۆ هەســتکردن بەنامۆیــی لای بیروباوەڕدارانــی (جوولەکایەتــی و کریســتیانێتی و موســڵمان). نامۆبــوون بــە مانــای پچڕانــی پێوەندیــی مــرۆڤ دێــت بــە خــوداوە. لەکتێبــی پیــرۆزی تــەورات و ســفر التکویــن، بــاس لــە نامۆیــی دەکرێــت.

*زاراوەی «نامۆیــی «بــە گەلــێ واتــا و شــێوە هاتــووە، لــە بــواری زمانەوانیــدا وەک «هاوەڵناوێــک» بــۆ وەســفکردن و سیفەتێک دراوەتــە پــاڵ کەسێک کــە بــە چەنــد واتــا هاتــووە (نامــۆ – بیانــی – غەریــب) هەروەهــا (نامــۆ) ســەیر – نائاسایی، وەک وشــەیەک بــە مانــای (دوورکەوتنــەوە لــە نیشــتمان کۆچبــەری)ی وەک هاوەڵنــاو لــە پلــەی بــەراورد (نامۆتــر) نەوازەتــر– نائاســیتر،نامۆیی (تەنیایــی – دابــڕان). چەمکــی نامۆبــوون لــە تیۆریــی پێوەنــدی کۆمەڵایەتیــدا؛ بــە دابڕانــی پێوەندیی نێوان تــاک و ئەوانی تــر و بــە لەدەســتدانی ئازادیی بنچینەییی تــاک بــەکار هێنــدراوە، دابڕانــە لــە دەوروبــەر و

ونبوونـە لەنـاو گێـژاوی گۆشـەگیریدا، ئازادیـی لەدەسـتدان دابڕانـە لـە ژیـان. هەسـتکردنە بـە لەدەسـتدانی خـود و نەگونجانـە لەگـەڵ دەوروبـەر. ڕەتکردنـەوەی کۆمەڵـە بچڕانـی پێوەندییـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا، لەکۆتایـی کەسـایەتیی نامـۆ دووچـاری دوورەپەرێـزی و دڵەڕاوکـێ دەبێـت، تـرس لـە کۆمەڵگـە، هەسـتکردن بـە جیـاوازی و خۆبەکەمزانیـن و کەسـایەتیی لاواز.

کـە: ((کارەسـاتی دەرکردنـی ئـادەم لـە بەهەشـت و داگرتنـی لـەو پلـە باڵایـەی خـودا پێـی بەخشـیبوو، وەلـێ سـەندنەوەی خۆشـی و ژیانـی هەمیشـەیی بەهەشـتە، هـۆکار بـووە بـۆ نامۆبوونـی، سـزادانی بـە نزمکردنـەوەی بـۆ سـەر زەوی، ململانێـی نێـوان جەسـتە و ڕۆح بـووە)) (تبـارک،١٩٥٤، ١٦)، گـەورە فەیلەسـووفی *ئەنترۆپۆلۆجیای ئەڵمانـی (لۆدفیـگ فیوربـاخ) لـە کتێبـە بەناوبانگەکـەی (جوهـر المسـيحيه)ی ڕەخنـە لـە ئایینـی مەسـیحییەت دەگرێـت و کاریگـەری لەسـەر بیروبـاوەڕی مرۆڤـدا، بـەڕای فیۆربـاخ ملکەچبوونـی مرۆڤـەکان خـودای دروسـت کـردووە، نـەک خـودا مرۆڤـی دروسـتکردبێ، بەمـە بەرپەرچدانەوەیەکـی زۆری دووچـار بـوو و بـە بێبـاوەڕ هەژمـار کـرا. فیوربـاخ دەڵێـت: (*ئاییـن بیروبـاوەڕی مرۆڤـەکان داگیـر دەکات، نرخـی کـەم دەکاتـەوە لـە بەرانبـەردا خـودا تـەواوی بەخـۆی بەخشـیوە کەواتـە ئاییـن هـۆکارە بـۆ نامۆیـی مـرۆڤ و خۆبەکەمزانینی)(أفـرون،١٩٨١،٤٧) ئـەم بیروبـاوەڕەی فیوربـاخ پێچەوانـەی هیـگڵ بـوو، کـە بـووە داڕشـتنی فەلسـەفەی هیـگڵ لـە دواتـرا، فیوربـاخ کاریگەریـی زۆری بەسـەر مارکسـەوە هەبـووە کـە دواتـر هـۆکار بـووە بـۆ داڕشـتنی فەلسـەفەی مارکسـیزم لەسـەر بنەماکانـی فیوربـاخ. مارکـس مرۆڤـی لـە پلەیەکـی بـاڵا دانـاوە و بڕیاردانـی لەسـەر ژیانـی خـۆی بـەدەر لـە هـەر کـۆت و بەندێکـی ئایینـی کـە ڕێگـر بـن لەبـەردەم ئاواتەکانـی وەک سانسـۆڕێ نەهێڵـن ئـازاد بـێ، بۆیـە فەلسـەفەی ئـەو لەسـەر بنەمـای ڕەتکردنـەوەی فەلسـەفەی میتافزیکـی بـووە. دەتوانیـن بڵێیـن زۆربـەی زۆری مرۆڤـەکان دینـدارن، بـە درێژاییـی کات، شـوێنیش گۆڕانـی بەسـەردا نایـەت، واتـە ئاییـن دادەنرێـت بـە گرنگتریـن ڕەگـەزی شارسـتانییەت، سیسـتمی ئاییـن لـە سیسـتمە گرنـگ و بنەڕەتییەکانـە لـە ژیانـی کۆمەڵگـەی مرۆییـدا، جـا ئـەو کۆمەڵگەیـە سـەرەتایی بێـت یـان شارسـتانی بـێ. ئاییـن کاریگەرێکـی بەتوانایـە بـۆ گۆڕانـی بیروبۆچوونـی مـرۆڤ بەرانبـەر دەوروبـەر بەتایبەتـی بـۆ مرۆڤـەکان (دادپـەروەری- ئـازادی- عیشـق......) واتـە ئاییـن: ئـەو سیسـتمەیە کـە مـرۆڤ هـان دەدات بـۆ گۆڕانـی بیروبۆچوونـی بەرانبـەر ئـەو شـتانەی کـە لـە دەوروبەریـدا هـەن. ئایینـەکان دەبنـە هـۆی دروسـتکردنی کەسـایەتیی مرۆڤـەکان، بـە مانـای دروسـتکردنی تـاک لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقییـەوە. ئیـتر ئـەو ئایینـە ئاسـمانی بـێ یـان زەمینەیـی بـێ. ئاییـن پێـک دێـت لـە کۆمەڵێـک بیروبـاوەڕ و هەسـت و دروشـم کـە کەسـانی بـاوەڕدار تیایـدا بەشـدار دەبـن و ئەرکیـان دەکەوێتـە سـەر شـان، هەریـەک لـەو ئەرکانـە دەبێتـە هـۆی زیاتـر نزیکبوونـەوەی ئـەو تاکـە لەخـوداوە، کەواتـە ئاییـن لەگـەڵ گەشـەکردنی بیـری مرۆڤایەتـی جێگەیەکـی گرنگـی هەبـووە.

*ئاییـن و مەیلـی ئایینـی، یەکێکـە لـەو تایبەتمەندیانـەی کـە لـە مرۆڤـدا ئامادەیـە، وەک مەیلـی باوەڕبـوون بـە خـودا یـان ناسـینی، بەهرەیـەک کـە خـودا لـە سروشـتی مرۆڤـدا دروسـتی کـردووە. ئـەم پێوەندییـە ڕۆحییـەی نێـوان مـرۆڤ و خوداکـەی، لەگـەڵ دروستبوونی و هەسـتکردنی مـرۆڤ بـە هێزێـک ئـەو گەردوونـە بەڕێـوە دەبـات. هەوڵدانـی بـۆ بینینـی ئـەو خودایـە، وای کـردووە خوداوەندێـک بـۆ خـۆی درووسـت بـکات، تـا چاودێریـی ژیانـی بـکات و بیپارێـزێ، بـەڵام لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات، هـۆکار بـووە لـە داڕمانـی ئایینـی مـرۆڤ و چوونـە نـاو حاڵەتێکـی ئایینـی بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت کـە نامۆبوونـە.

لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی «ئاییـن و ئەفسـانە» پێوەندییەکـی گرنگـن بـۆ ژیانـی مرۆڤایەتـی، هەرچەنـدە ئاییـن لـە دوو لایەنـەوە بـاس کـراوە وەک لایەنـی ئایدیالیسـتی و ماتریالیسـتی و توێـژەران «دیـاردەی نامۆیـی» دەگەڕێننـەوە بـۆ ئەفسـانەی دابڕانـی مـرۆڤ لەخـودا و دەرچوونـی لـە یاسـاکانی خودایـە.

هەرچەنـدە لـە کۆمەڵگـە جیـاوازەکان چەنـدان بیروبـاوەڕی ئایینـی جیـاوازدا هەیـە وەک:

فتشـییەت (فیتش-جـادوو، ئانیمیـزم - ئەرواحپەرسـتی

- تەوتەمیەت-مەسیحییەت -جوولەکایەتی -زەردەشتی وئیسلام....هتد) لەپاڵ ئاینی ئیسلامدا لە کوردستاندا ئاینی (زەردەشت)یش یەکێکە لەو ئایینانەی کە تا ئێستەش بوونی هەیە و خەڵکی پێڕەوی دەکەن.

- فتشییەت (فیتش-جادوو): مرۆڤە کۆن و ڕەوەندەکان پێیان وا بوو کە ڕۆح لەو شتانەدا هەیە کە بە بۆچوونی خۆیان بە بەرز و پیرۆزیان دادەنان (تەزبیح، ملوانک، لووتەوانە، گوارە.. هتد) لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێت، ئەم فتشییانە نەک تەنیا پیاو و ژن بەڵکوو لە ملی ئاژەڵ و شتی نێوماڵیشیاندا هەڵدەواسرێ.

- ئانیمیزم (ئەرواحپەرستی): واژەی «ئانیم»، «ئەنیمە« بە مانای بزواندن و ورووژاندنە، کە هەر لە واژەی ڕۆح کەوتووەتەوە، بە بڕوای زۆرینەی ئایینناسان، ئایینی ئەرواحپەرستی سەرەتاییترین جۆری ئاینە لەسەر ڕووی زەویدا.

- تەوتەمیەت: بریتییەلە بەپیرۆزدانانی شتێک یان گیانەوەرێک، ئەمەش لەناو هۆز و تیرە سەرەتاییەکاندا بوونی هەبووە، تا ئێستەش لە ئوستراليا و ئەفریقا و ئەمریکای باکوور بوونی هەیە، لێرەدا هەر هۆزە تەوتەمی تایبەتی خۆی هەیە.

- زەردەشتی: سەرچاوەی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێک بەناوی (زەردەشت) کە شوێنکەتوانی بڕوایان وا بوو کە پێغەمبەرە و بۆ چاکسازی نێردراوە، بڕوایان بە تاکە خوایەک هەیە بەناوی (ئاهورامازدا) و زەردەشتییەکان بڕوایان بە ڕۆح هەیە، کە ناویان دەنا (ئەنجەرمانیۆ)، لە هەندی لە ڕێوڕەسمەکانیان بە پیرۆزدانانی ئاگر و نوێژکردن بەدەوریدا، لە کوردستاندا ئایینی زەردەشتی کۆمەڵێک لە خەڵکی پێڕەوی دەکەن، (ویکیپیدیا الموسوعە الحرە،الادیان والانسان).

بەشی دووەم

پراکتیزەکردنی نامۆیی ئایینی لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)ی ڕێواس ئەحمەد و(عشاق وفونوغراف وازمنة) لووتفییە دلێمی

نامۆیی ئایینی لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)ی ڕێواس ئەحمەد

نووسەر* «ڕێواس ئەحمەد» لە ڕۆمانی «گوڵچیای ڕۆحەکاندا» زیاد لە پێویست زمانێکی پەخشانئامێزی بەکار هێناوە، کە زۆر جار خوێنەر هەست بە بێتاقەتی دەکات. هەر ئەمەش وای کردووە کە دووبارەبوونەوە و تا ڕادەیەک درێژداڕییەکی زۆر لە نووسینی ڕۆمانەکەدا بەکار بێت. لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی شێوازی مۆنۆلۆگ خۆی لە خۆیدا شێوازێکی تاڕادەیەک وشک و ناخۆشە، کەم نووسەر لەم جۆرە شێوازەی ڕۆماندا سەرکەوتوو بوونە. بەگشتییش کەم خوێنەر حەزیان لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانانەیە. لەلایەکی ترەوە ڕۆمان خۆ هەر مۆنۆلۆگ نییە، بەڵکوو زۆر شتی ترە کە لەم ڕۆمانەدا ئەوەندە پاڵەوان ڕەشبینە خوێنەر تووشی خەم و پەژارە دەکات. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ناوی (عەلی)یە لە نەتەوەی عەرەبە، باس لەو خەونانە دەکات کە شەوانە تووشی ترس و دڵەڕاوکێیان کردووە و بە هیچ دەرمان و بزیشک و پیاوچاکان لە بەرۆکی نابنەوە. شەوانە بەدەنگی هاوار و ناڵەی ئەندامانی خێزانەکەی بەخەبەر دێنێت، وای لێ هاتووە کە چەندان بزیشکی دەررونی لێی نەگەن، تەنانەت لەدەرەوەی وەڵاتیش هۆکاری نەزانن. ئەم حاڵەتە «فرۆید» پێی وا بوو (خەونەکانمان هەڵگری پەیامێک بوون بۆ داهاتوو) (عبدالسلام،٢٠٠٤، ٤٣) لەبەر ئەم هۆیە هەوڵیان داوە سیمبولەکان و ڕووداوەکانی ناو خەون ڕوون بکەنەوە. لەناو دەروونناسیدا ئەم سیمبول و ڕووداوانەی ناخی مرۆڤە و گرنگی هەیە. دەرونناسان زیاتر خەریکی تیۆرییەکانی فرۆیدن و بەگشتی خەریکی دەروونشیکاری و لێکۆڵینەوە لەسەر مێشک دەکەن. لێکۆڵەرانی خەونبینین دەڵێن، خەونبینین «تەنیا بەتاڵبوونەوەی مێشکە لەو زانیاری و وێنە بێمانایانەی کە لەکاتی بە ئاگابوون و بێئاگابوونماندا لە ڕیگەی هەستیارەکانمانەوە هاتوونەتە

مێشـکمانەوە و مێشـک خـۆی لێیـان ڕزگار دەکات لـە ڕێگـەی خەونـەوە.» (خەونـەکان زیاتـر یارمەتیـمان دەدەن کـە شـتمان لەبیـــر بچێتـــەوە. زۆر خـــەون هەیـــە کـــە زۆر کاریگـــەری دەکاتــە ســەر هەســتەکا‌نمان کــە تەنانــەت ڕۆژی دواتریــش هەمـان کاریگـەری هەیـە لەسـەرمان). (زهـران، ٢٠٠١، ٢٠) «سـیگمۆند فرۆیـد» دانـەری دەروونشـیکاریی خەونەکانـە، لای وا بـوو کـە: ((خەونـەکان هەڵگـری پەیامـی نەسـتی مرۆڤـە بـۆ ئـەو حـەز و ئارەزووانـە کـە ناتوانێـت بیـان هێنێتـە دی لـە دنیـای هەقیقەتـدا، لەبـەر بێتوانایـی و ئـەو قەدەغەییـەی کـە کۆمەڵگـە جیـاوازەکان هەیانـە لەسـەر تـاک، بـە تایبـەت سـێکس کـە فرۆیـد زۆر جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە. بـەو واتایـەی کـە زۆر شـت هەیـە ئێمـەی مـرۆڤ حـەز دەکەیـن بیکەیـن یـان بێتـە دی لـە لاشـعورماندا ئەمـە بوونـی هەیـە، بـەڵام بـێ ئـەوەی کـە خۆمـان بمانـەوێ «نەسـت» نایەڵێـت ئـەم شـتە جێبەجـێ بکـرێ، بـە بۆچوونـی فرۆیـد ئـەم حـەزە لـە ڕێگـەی خەونـەوە جێبەجـێ دەکـرێ.)) (فرویـد،١٩٧٨،٣٣)، پاڵـەوان و بگێـڕەوەی ڕۆمانـی گوڵچیـای ڕۆحـەکان» شـەکەت بـووە، بێـزاری لـەو خەونانـە وای کـردووە بـەردەوام وێـڵ بـێ بـەدوای لێکدانەوەیـان، تەنانـەت باوکـی پاڵـەوان دەیبـات بـۆ وڵاتــی «ئەمریــکا» ماوەیــەک لەژێــر چارەســەری دەروونــی دەبێــت. پاشــان کــە هەمــوو هەوڵــی بزیشــکان بێســوود دەبـێ، لـە زانینـی هـۆکاری خەونبینینـی سـەیر و بـێ مانـا، ئیـتر دەسـتبەرداری خـۆی دەبـێ و هیـچ هەوڵـی ڕزگاربوونـی نـادا. تەکنیکـی نووسـینی ئـەم ڕۆمانـە، لەلایـەن نووسـەرەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ توانــای ئەدەبــی و وێناکردنــی هونەریــی و پەیامــی نووســەر لــە گێڕانــەوەی ڕووداوێکــی واقیعیــی نەتـەوەی کـوردە، لـە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو، دەسـەڵاتی ڕژێمـی بەعـس لـە ڕێگـەی کوشـتن و نەفیکـردن و شـاڵاوی ئەنفـال و کیمیابارانـی نەتـەوەی کـورد، هەوڵـی لەناوبردنـی داوە. ئـەم کارەسـاتانە و پاشـماوەکانی لـە زەینـی نووسـەر هـەر مابـوون، هەرچەنـدە چەنـدان شـێوە ورجـۆری گێڕانـەوەی جیـاوازی بۆرکـراوە لەلایـەن نووسـەرانەوە، بـەڵام «ڕێـواس ئەحمـەد «ی نووسـەر بـاس لەردۆخـی ئـەو ئافرتـە گەنجانــەی بوونەتــە قوربانــی لە*(شــاڵاوی ئەنفال)مــان بـۆ دەکات. چارەنووسـی نادیـاری ئـەو ئافرەتـە گەنجانـەی بازرگانییـــان پێـــوە کـــراوە لـــە وڵاتانـــی کەنـــداوی عەرەبـــی. هـۆکاری سـتەمی دەسـەڵات، نـەک تەنیـا کوشـتنی خێزانەکانیـان بەڵکـوو سـووکایەتی و ئابڕووبردنـی ئافرەتانـی کوردیـش بـووە وەک ســەبایە. لــە ڕێگــەی ئاییــن و لێکدانــەوەی ســورەتی ئەنفـال کـە بـە حـەق و ڕەوای خـۆی دانـاوە، ئـەو کارە دڕندانەیـەی بەرانبـەر خەڵکـی سـڤیل و بێچـارە ئەنجـام داوە، لـە ڕۆمانـی «گوڵچیـای ڕۆحـەکان»ی ڕۆماننـووس تەکنیکـی گێڕانـەوەی ڕووداوە غەمگیـن و تاڵەکانـی نەتـەوەی کـوردی کـردووە. زیاتـر لـە ڕێگـەی خەونـەوە سـیحرێکی هونـەری و واقیعـی بەخشـیوەتە ڕووداوەکان، نووسـەر لـە باسـکردنی کارەسـاتی جینۆسـایدکردن و ڕاگواسـتن و ئەنفالکردنـی نەتـەوەی کـورد، بـە بگێڕەوەیەکـی نەتـەوەی عـەرەب بەخشـیووە کـە خەونەکانـی بوونەتـە شـاهیدی ئـەو ڕووداوە، پاشـماوەکانی ئـەو کارە نامرۆڤانەیـە و دەرکەوتنـی لەسـەر پاڵەوانەکانـی نــاو ڕۆمانەکــە. ڕۆماننــووس دەیــەوێ گۆمــی ڕووداوەکان بشـڵەقێنێ تـا بـە یـادی خوینـەر بێنێتـەوە، کـە ئافرەتانـی کــورد چەنــد ســتەمییان لــێ کــراوە. بــۆ سەرنجڕاکێشــانی خوێنــەر بــە پاشــکۆی ئــەو ڕووداوانــە چــی بوونــە ڕەنگــە لـە بیسـتنی چەنـد ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینەی بارودۆخـی ئـەو ئافرەتانـە و چیرۆکـی ئەنفالکردنیـان سـەردی کردبـێ و دەرگـە بـۆ کۆمەڵەگەلـێ ڕووداو دەکاتـەوە. ئـەو ڕووداوانـە کاریگـەری بەسـەر دەروونـی پاڵەوانەکانـدا هەبـووە. پـاش جیاکردنـەوەی ئافرەتــە گەنجــەکان لــە بەتەمــەن و منداڵــەکان و پاشــان بردنیـان بـۆ شـوێنێکی نادیـار و دەسـتدرێژیکردنە سـەریان و کڕیـن و فرۆشـتنیان پێـوە کـراوە لـە وڵاتانـی عەرەبـی، دوای ٣٤ سـاڵ لـە تێپەڕینـی تاوانـی ئەنفـال، هێشـتا ئەنفـال نەبووەتـە خـەم و پرسـێکی نەتەوەیـی و پرسـێکی نێودەوڵەتـی! بەداخـەوە هەتـا ئەمـڕۆ چارەنووسـی ئـەو کوردانـەی ڕزگاریـان بـووە لـە گـۆڕی بەکۆمـەڵ نادیـارە، ئەگـەر لـە سـاڵانی ڕابـردوودا کارێــک کرابــێ ئــەوا هێنــدەی گێڕانەوەیەکــی کرچــوکاڵ بـووە لـە زمانـی قوربانییانـەوە، هەتـا ئێسـتە تاوانـی ئەنفـال برینێکـە بـە جەسـتە و ڕۆحـی کـوردەوە، نـەک بـە جەسـتەی مرۆڤایەتییـەوە! ئەگەرچـی دۆسـییەی ئەنفـال بـۆ خـۆی وەک (جینۆسـاید و تاوانـی نێودەوڵەتـی) کێشـەیەکی سیاسـی یاخـود دەرئەنجامـی ململانێـی سیاسـییە، لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان

یاخود کێشەیەکی نەتەوەیی! پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی هونەری سینەما یاخود سینەماکاران، ئەرکیانە لە ڕێگەی فیلمەکانیانەوە وا بکەن هەموو کوردێک زانیاری دەربارەی ئەنفال بزانن. قوربانییەکانی ئەنفال، ئەو گرێیانەی لە نێو چیرۆکی قوربانییەکاندا هەن، هەڵگری ئازارێکی ڕۆحین کە بە هیچ شێوەیەک چارەسەر نابن. لە ڕۆمانی «گوڵچیای ڕۆحەکان « ڕووماننووس باس لە دۆخی دوو ئافرەتی گەنجی کورد دەکات، کە بازرگانییان پێوە کراوە و یەکێکیان وا باری دەروونی تێک چووە کە متمانەی بە کەس نەماوە، تەنیا «وێنەی ترسناک و خوێناوی»ی ڕووداوەکە دەکێشێ و دەکەوێتە حاڵەتی فۆبیاوە، کە هاوار و قیژە و هەوڵی خۆکوشتن دەدات. ئەو نامۆییە ئایینییەی ڕۆماننووس باسی لێوە دەکات، لە ئایینی ئیسلام و چۆن کوشتن و ئەنفالکردنی بەرانبەر نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە. هەرچەندە کورد نەتەوەیەکی موسڵمان بووە بەڵام کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی توندڕەوەکانی ئیسلام. ئەو پیرەپیاو و ژن و منداڵانەش کە ڕزگاریان بووە، باوک و دایکیان نەماون و منداڵەکانیش بەبێ کەسی بە هەتیوی و ماڵوێرانی، بەبێ پەناگە و شوێن مابوونەوە. هەرچەندە کە ئێستە لە تەمەنی لاوییدان، لە هزریاندا ئەو ڕووداوە گەورەیە ماوە و توانایان نییە بیگێڕنەوە. ڕۆماننووس کە مێژوو دەگێڕێتەوە کار لەسەر بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات و دەمانباتەوە ناو کەشێکی جیاوازو ژیان دەکات بە بەری ئەو ڕووداوانەی کە تیایدا نەژیاوین یان بەشێوەیەکی تر لەسەریان زانیاریمان نەبووە. مێژوونووس ڕووداوەکان بەبێ ڕۆح دەگێڕێتەوە و شیکاری دەکات، بەڵام ڕۆماننووس ڕۆح دەکاتەوە ناو ڕووداوەکان وا دەزانین لەو ساتەوەختەدا دەژین ئەوەی پەردەپۆش کراوە یان لەبیر کراوە، باسی لێوە دەکات. مێژوونووس باسی ئەو ڕووداوانە دەکات لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە کاریگەرییان لەسەر ژیاندا هەبووە. بەڵام ڕۆماننووس کۆمەڵگەکە بینا دەکات و کارەکتەرەکان دروست دەکاتەوە و وەسفیان دەکات و مێژوو تێکهەڵکێش دەکات. ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا کارێک کرابێ ئەوا هێندەی گێڕانەوەیەکی کرچوکاڵ بووە لە زمانی قوربانییانەوە، هەتا ئێستە تاوانی ئەنفال برینێکە بە جەستە و ڕۆحی کوردەوە، ئەنفال بۆ خۆی وەک (جینۆساید و تاوانی نێودەوڵەتی)، دەرئەنجامی ململانێی سیاسییە، لەسەر ئاستی کوردستان، کێشەیەکی نەتەوەییە! چیرۆکی قوربانییەکان هەڵگری ئازارێکی ڕۆحییە. لە ڕۆمانی «گوڵچیای ڕۆحەکان «ڕووماننووس باس لە دۆخی دوو ئافرەتی گەنجی کورد دەکات وەک بگێڕەوە و شاهیدحاڵی کارەساتەکە. بگێڕەوە دەڵێت: ((منداڵەکانیش لە ترسی هاواری ژنەکە زراویان چووبوو. دایکەکان داوایان لە منداڵەکان دەکرد چاویان بنووقێنن ڕوو بکەنە لایەکی تر. هێندەی نەبرد منداڵەکە لەدایک بوو. لەو کاتەدا کوڕێکی پێنج ساڵان هاتە پێشەوە و لە گیرفانی قەڵەمبڕێکی دەرهێنا و دای بەدەست یەکێ لەو ژنانەوە کە لەتەنیشت دایکەکەوە دانیشتبوون. ژنێکی تریش سەرپۆشە سپییەکەی لەسەری کردەوە، گوتی من

*ئەنفال :جینۆسایدی کوردەکان) ئەوکۆمەڵکوژییەکەی بەسەر کوردەکاندا هاتووە لە (باشووری کوردستان) (حیزبی بەعسی عیراقی) بەسەرکردایەتیی سەددام حوسێن سەرۆکی عێراقی ئەو کاتە بووە، ئەم کۆمەڵکوژییە بەسەرکردایەتیی علی حسن مجید لە کۆتاییی شەڕی عێراق و ئێران ئەنجام دراوە لەسەر ناوی سورەتی ئەنفال بوو لە قورئان، ئەمە وەکوو کۆدێکی ناوی وا بوو لە دەزگە بەعسی عێراقی بۆ زنجیرەیەک سیستەمی هێرشی خێرا دژ بە کوردەکانی باکووری عێراق (باشووری کوردستان) بەکار دەهات بۆ ئەوەی کورد و زمانی کوردی نەمێنێت و عێراق هەمووی بە عەرەبی قسە بکات ئەم شاڵاوە هەشت قۆناغ بووە لەوانە: ئەنفالی یەک/ :ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، (لە ٢٣شوبات تاکو ١٩ئاداری ١٩٨٨) / ئەنفالی دوو: لە (٢٢ی ئادار تاکو ١ی نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی هات) ئەم هێرشە ناوچەی قەرەداغی گرتەوە/ ئەنفالی سێ: (لە ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) شاڵاوی ئەنفالی سێ ناوچەی گەرمیانی گرتەوە/ ئەنفالی چوار: ئاوگەی زێی بچووک (لە ٨ی نیسان تاکو ٣ی ئایاری / قۆناغی (ئەنفالی ٥، ٦، ٧) دۆڵی چیاکانی شەقڵاوە و ڕواندوز لە (١٥ی ئایاری - ٢٦ی ئابی ١٩٨٨/ ئەنفالی کۆتایی (بادینان) لە (٢٥ی ئاب ـ ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨): بڕوانە ویکیپیدیا ئەنفال وکورد

لەبەر خودا ئەم سەرپۆشە سپییەم بەسەرمدا داوە. لەوەش ناکا خودا هەبێت، گەر خودا هەبوایە ئەمەی قەبووڵ نەدەکرد، بۆیە ها ئەم سەرپۆشە سپییەی منی لێ بپێچن با سەرم تامردن ڕووت بێت.)) (ئەحمەد،٢٠١٠، ٥٥).

ئەو خەونەی بگێڕەوەی ڕۆمانەکە بینیبووی، بۆ پزیشکە دەروونییەکەی دەگێڕایەوە، حاڵەتێکی ڕاستەقینە و واقعێکی تاڵی کارەساتئامێز بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە. لەو بارودۆخەش ئافرەت قوربانیی ئەو کارەساتە سەختە بووە، حاڵی ئافرەتێکی داماو و دووگیان کە لە ڕێگە لەناو زیلی عەسکەری منداڵی دەبێت. تەنانەت هیچ کەس نییە هاوکاری بکات و لەو جەلادانە ڕزگاری کات. تەنیا کۆمەڵە ئافرەتێ وەک خۆی کە هاوکاری دەکەن و ئەو منداڵە چارەڕەشە لەو ساتە دژوارە چاوی بە دونیا هەڵدێنێ و لە هەمان کاتدا ئەمان موسڵمان بوونە و نە کافر و جوولەکەش بوونە، تا ئەو ستەمەیان بەرانبەر بکرێت.

ئەو چیرۆکە ڕاستەقینەیەی نووسەر بۆمانی دەگێڕێتەوە، واقعێکی خوێناوۆی کارەساتی ئافرەتی کورد و ئەنفال بووە. تەنانەت ئەو دایکە میهرەبانەی خودای مەزن لە قورئان و کتێبە پیرۆزەکان بەهای پێ داوە، ئەم جەلادانە بەهایان بۆ دانەناوە. هەرچەندە چەندان چیرۆک لەمە بەئازارتر و سەختر ڕووی داوە، بەڵام چیرۆکی ئەو دایکەی کۆرپەلەی خۆی فڕی داوە لە ساتی لەدایکبوونی تا نەبێتە خۆراکی سەگ و گورگی دەستی ئەو دڕندانە، ناخهەژێن بووە. ئەو دایکەی بۆ ماوەی «نۆ» مانگ چاوەڕێی بینینی کۆرپەکەی کردووە، دواتر هەر خۆی کۆتایی بە ژیانی ئەو منداڵە هێناوە. دەبێ چ دەروونسووتاوێک و نائومێد بێ لە ژیانی. ئەمە و چەندان حاڵەتی لەم شێوەیە ڕوویان داوە. هۆکار بووە کە کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە، گومان لە هەبوونی خودایەک بکات کە ئەم زوڵم و ستەمەی پێ قەبووڵ بێ، ئەم بێباوەڕییە لە گفتوگۆی کارەکتەرەکان دەرکەوتووە. بێگومان ئایینی ئیسلام ئایینی ڕەحمەت و لێبوردەیی و ئاسانکارییە، خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر شانی هیچ کەسێک تەنیا بە گوێرەی توانای خۆی نەبێ. چاکە و فەزڵ و ئیحسانی لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی نووسیوە و پێویستی کردووە کە بەڕەحم و سۆز و بەزەیی بین لەگەڵ یەکتردا، ئەمە ڕەوشتی موسڵمانی ڕاستەقینەیە. هەرچەندە ئایینی ئیسلامی پیرۆز بۆ مەبەستی نەهێشتنی ستەم لەسەر گۆی زەویدا بووە، کۆتا پەیامی خوای میهرەبانە، بۆ هەموو خەڵکی ئەم دونیایە. لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوە کردووە کە بە زمانی عەرەبی قورئانی پیرۆزی داگرتووە تا پەند وەرگرن و لێی بگەن.

لە سورەتی «یوسف» خودا دەفەرمێ بسم الله الرحمن الرحیم

(الر تِلْك آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ* إِنَّآ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ* نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْك أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْك هَذَا الْقُرْآنَ وَإِن كنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ) صدق الله العظيم (سوره یوسف ایە١-٣ )

واتا خودای مەزن دەفەرمێت: (ئەمە چەند ئایەتێکی پەرتووکێکی ڕوون و دیارە، ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی دامگرتووە تا پەند و ئامۆژگاری وەرگرن، ئێمە باشترین چیرۆکتان بۆ دەگێڕینەوە لەم قورئانە وەک پەیامێک بۆ ئێوە، هەرچەندە پێشی بێ ئاگابوونە لێی).

هەرچەندە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی داگیراوە، کەچی نەتەوەی عەرەب پێڕەوی بنەماکانی ناکەن و لەپێناو بەرژەوەندی و نەتەوەپەرستی بەکاری دێنن. زوڵم و ستەم بەرانبەر نەتەوەکانی تر دەکەن. ئەو ستەمەی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق، لە نەتەوەی کوردی کردووە، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بوونی نەبووە، بە تایبەتی شاڵاوی ئەنفال کە دڕندانەترین کارەساتە لە نەتەوەکەمان کرابێت. کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد بەدەستی دەسەڵاتی بەعسی فاشست، گەورەترین تاوان بووە دژی مرۆڤایەتی! کە تا چەندان سەدە وەک پەڵەیەکی ڕەش دەمێنێ لە مێژووی عەرەب و دەسەڵاتدارانی بەناوی ئایینی ئیسلامەوە کوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجام درابێ وبێ دەنگ بوونی جیهان بەرانبەر تاوانەکانی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ جیگایی سەرسوڕمان بووە! لەپارەگرافی تر کارەکتەری ڕۆمانەکە دەڵێت: ((پاش هەواڵپرسین بۆم دەرکەوت بەرەو هیندستان ڕۆیشتووە، لای ئێمە خەڵک بەرەو حەج دەڕوات تا گوناهەکانی خۆی بشواتەوە.

دیــارە ئەمیــش چووەتــە ئــەوێ تــا لەنــاو بودیســتەکاندا تــۆز و خۆڵــی ئــەو چەندســاڵە لــە ڕۆحــی خــۆی بتەکێنــێ و بەرگێکــی نــوێ وەبــەر خــۆی بــکات. خــۆ لەوانەشــە بچێــت ئــەو پارەیــەی لێــرە دەســتی دەکەوێــت، لــە هندســتان بەســەر هەژارانــدا دابەشــی بــکات.)) (ئەحمــەد، ٢٠١٠، ٥٩) لێــرەدا پاڵــەوان نامۆیــە لــە ئایینــی خــۆی، پێــی وایــە ئایینــی بودایــی هیچــی کەمــتر نییــە لەچــاو ئایینــی ئیســلام، بگــرە بنەماکانــی چاکــەکاری یــەک بنەمایــە. پاککردنــەوەی ڕۆح و جەســتە لــە تــاوان چ پێڕەوانــی ئیســلام بــێ و چ بودایــی، هەمــان بنەمایــە. نووســەر بــە زمانێکــی واقیعییانــەی ڕووت، بــە گێڕانەوەیەکــی ســادەی مێژووییانــە، ڕووداوەکان دەگێڕێتــەوە. لــەم ڕۆمانــەدا: تەکنیکــی گێڕانــەوە لــە هەنــدێ شــوێندا ئەوەنــدە ســادەیە، خوێنــەر هەســت دەکات ئــەوەی دەیخوێنێتــەوە ڕۆمانــە یاخــود یاداشــتی نووســەرەکەیە و لــە گێڕانەوەیەکــی مێژوویــی دەچێــت، نووســەر هەوڵــی داوە دوو قۆنــاغ لــە ژیانــی تایبەتــی ئاوێتــەی ڕۆمانەکــە بــکات و باســی چەنــدان ڕووداوی دیکــەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی دەکات. (ئەنفــال، کیمیابارانــی هەڵەبجــە، ژیانــی دوێنێــی مرۆڤــی کــورد لــە گونــد، ژیانــی پەناهەندەیــی) و چەنــدان ڕووداوی دیکــە. گوزارشــتکردن، وەســف و دەربڕینــەکان بەگشــتی و زمانێکــی واقیعییــان بەســەردا زاڵــە. پاڵــەوان ناڕازییــە و یاخییــە لــە چارەنووســی و ئــەو دەردەســەرییەی بەســەریان هاتــووە. گلەیــی و گازنــدە لــەو ژیانــەی تێیــدا دەگــوزەرێ: ((هیــچ کاتــێ ئــەو پرســیارەمان لــە خــوا نەکردبــوو، دەبــێ چارەنووســێکی وامــان بــۆ نەخشــکرابێ. دەبــێ ئێمــە پەراســوویەکمان لــە خەڵکــی تــر کەمــتر بێــت. دەبــێ ئەمــە چ خوایــەک بێــت وا چارەنووســێکی تاریکــی بــۆ ئێمــە نووســیبێ. ئــەوکات نەمدەویــرا بیــر لــە شــتی وا بکەمــەوە. ئێســتە پــاش ئــەم هەمــوو کارەســاتە کــە لــەم مــاوە کورتــەی تەمەنمــدا بینومــە، پەشــیمانم لــەوەی پانــزە ســاڵی تەمەنــم نوێــژ و ڕۆژووم گــرت.)) (ئەحمــەد، ٢٠١٠، ٦٣). نامۆیــی پاڵــەوان لــە خواپەرســتی و پەشــیمانی بــۆ ئــەو هەمــوو بەڵایــەی بەســەر خــۆی و خێزانەکەیــدا هاتبــوون. کوشــتنی ئەندامانــی خێزانەکــەی بەبــێ تــاوان، هەرچەنــدە موســڵمانیش بوونــە! بەدەســتی موســڵمان کــوژراون. وای کــردووە بــە گومــان بــێ لــە بوونــی خودایــەک، ئــەو هەمــوو ســتەمە قەبــووڵ بــکات و تۆڵەیــان نەکاتــەوە. نووســەر ڕووداوی دیکــەی لاوەکــی بــاس کــردووە. وەک ئــەوەی نووســەر مێژوومــان بــۆ بگێڕێتــەوە ڕووداوەکانــی ڕۆمانێــک زیــاد لەپێویســت واقیعییــە و کەمــتر بنەمــا و ســیما هونەرییەکانــی ڕۆمانــی پێــوە دیــارە. نامۆیــی ئایینیــی پاڵەوانــەکان لــە ئەنجامــی ئــەو ســتەمەی بەرانبــەر نەتــەوە و خێزانەکانیــان بەنــاوی ئیســلامەوە ڕووی داوە بۆیــە دەڵێــت: ((دایــە گــەورەم پێــی وتــم کچــم پێنەگــەی هێشــتا بۆنــی شــیر لەدەمــت دێــت نوێــژی چــی دەکــەی. باگــەورە بیــت بزانــم چــۆن واز لــەم بەزمــەت دەهێنــی.)) (ئەحمــەد،٢٠١٠، ٦٣). هەرچەنــدە نەتــەوەی کــورد لەژێــر ســایە و ئــاڵای ئیســلام زۆر تــاوان و ســتەمی لــێ کــراوە، بــەڵام بیروبــاوەڕی بــەو ئایینــە پیــرۆزە کاڵ نەبــووەوە. هەمیشــە ڕووی لــە خــودای میهرەبــان کــردووە تــا تۆڵــە لــەو نامرۆڤانــە بکاتــەوە کــە تاوانیــان بەرانبــەر ئەنجــام داوە. چونکــە نەتــەوەی کــورد هــەر لــە دێــر زەمانــەوە هــەر بــاوەڕی بــە تاکایەتیــی خــودا هەبــووە، وەک گەلەکانــی تــر بــە زەبروزەنگــی شمشــێر موســڵمان نەبــووە، هەرچەنــدە نەتــەوەی عــەرەب بــە گومانــەوە تەماشــای بــاوەڕی خوداپەرەســتی کــورد دەکــەن! بــەڵام کــورد نەتەوەیەکــی ڕەســەنە و ئاشــتیخوازە، بــاوەڕی بــە فرەئاییــن بــووە لەنــاو هــۆزە جیاوازەکانــدا بــە ئاشــتەوایی گــوزەراون، هەرچەنــدە ئــەم بیروبــاوەڕە لای نەتــەوەی عــەرەب نەبــووە و هەوڵــی لەناوبردنــی دراوە لەســەر دەســتی بەعســی گۆڕبەگــوڕدا. لــە ڕۆمانی»گوڵچیــای ڕۆحــەکان» لەیــلا پاڵەوانــی ڕۆمانەکــە بــاس لــەو بارودۆخــە دەکات کــە لــە کاتــی ئەنفالکردنیــان بەســەریاندا هاتــووە، تەنانــەت وای لــێ هاتــووە واز لــە نوێــژ و خوداپەرســتی خــۆی بێنــێ کــە دەڵێــت: ((بەرماڵەکــەم لــە هەمــووی گرنگــتر بــوو، گــەر دەمزانــی خــوا ئەمــەی لــە چارەنووســم نووســیبوو، ئــەوە هــەر ئــەو کاتــە بەرماڵەکــەم دەســووتاند لەوەتــەی گەیشــتوومەتە وڵاتــی ئم، نوێــژم لەســەر نەکــردووە.)) (ئەحمــەد،٢٠١٠، ٦٣). لــەم ڕۆمانــە جگــە لــەوەی نووســەر خەیاڵــی تێکەڵــی ڕووداوێکــی واقیعــی و مێژوویــی ڕەشــبین کــردووە، هەوڵــی داوە ئافــرەت تــەوەری ســووڕاندنەوەی ڕووداوەکان بــێ. وەک دۆکۆمێنتــی بتوانیــن ئــاگاداری بارودۆخــی ئــەو ئافرەتــە بــێ تاوانانــەی لــە وڵاتانــی کەنــداو بازرگانییــان پێــوە کــراوە. ڕۆمانەکــە هەڵگــری فۆڕمــی

گێڕانـــەوەی واقیعـــی تێدایـــە، تێکەڵـــە لەنێـــوان گێڕانـــەوەی ڕووداوێـک لـە ڕۆمـان و گێڕانـەوەی ڕووداوێکیـش لـە مێـژوودا. گێڕانەوەیەکـی ئاسـاییە، هیـچ جوانـکاری و هونەرکارییەکـی زمانـی تێـدا نییـە، تەنیـا وروژاندنـی هەسـتی خوێنـەر بـەو کارەسـاتە نامرۆییــەی بەســەر نەتەوەکەمانــدا هاتــووە، بووەتـە یەکێـک لـە بابەتـە سـەرەکییەکانی ژانـری ڕۆمـان، تراژیدیــا و کارەســاتە مرۆییەکانــە، دڕندەیــی مرۆڤــەکان و جەنجاڵیـی ژیـان، چوونـە نـاو خەیـاڵ و دروووسـتکردنی جیهانـی مەجـازی، بۆیـە زۆر جـار گوتـراوە ڕۆمـان: بریتییـە لـە چیرۆکـی خەیاڵـی، پەخشـان ئامێـزی درێـژ، بەناوبانگتریـن ڕەگــەزی ئەدەبــی پەخشــانە، بۆیــە لــە کــردەی خەیــاڵ و تێکەڵەیـەک لـە واقیـع پێـک دێـت. لـە کۆتاییـی ڕۆمانەکـەدا ڕۆحــی ئــەو دوو ئافرەتــەی بوونەتــە ســیمبولی «شــاڵاوی ئەنفـال» شـاد دەبـن بـە ڕۆحـی ئازیزانیـان و بـەرەو ئـازادی دەچـن، وەک فریشتەئاسـا لـە ئاسـماندا گـوزەر دەکـەن. لـە بەشـی سـێیەمی ڕۆمانەکـەدا نووسـەر زمانحاڵـی خـۆی دەدوێ و خــۆی تێکــەڵ بــە ڕووداوەکان دەکات و دەڵێــت: ((پێــش سـێ سـاڵ دەسـتم بـە نووسـینی ئـەم ڕۆمانـە کـرد، بەنیـاز بـووم لـە مـاوەی سـاڵێکدا تـەواوی بکـەم، بەداخـەوە ئەمـەش هــەروەک زۆر پلانــی ژیـان بــەو جــۆرە نابێــت کــە خەیاڵــت لــێ کردووەتــەوە، لای خۆمــان دەڵێــن، ئــەوەی لای بەنــدە خەیاڵــە لای خودابەتاڵــە.)) (ئەحمــەد،٢٠١٠، ١٠٦).

نووســەر دەیــەوێ کۆتاییــی ڕووداوەکان بــە خۆشــی و ئارامــی بێــت، بــەڵام پاشــگەز دەبێتــەوە لــە قســەی خــۆی و داوای لێبــوردن لــە ڕۆحــی هــەردوو کارەکتــەری نــاو ڕۆمانەکــە دەکات کــە دەبێــت بــەردەوام بــێ و فانتازیــای تێکـەڵ کـردووە و کۆتاییەکـی تراژیـدی خەمناکـی بـۆ دانـاوە، بۆیـە دەڵێـت: ((داوای لێبـوردن لـە خوێنەرانـم دەکـەم، وەک هەمــوو نووســەرانی تــر جڵــەوەی ڕووداو و پەرەســەندنی کەسـایەتییەکان لـە دەسـەڵاتی مـن دەرچـوو. منیـش ئـەو کاتـە کـە دەسـتم بـە نووسـینی ڕۆمانەکـە کـرد، بڕیـارم دابـوو تـەواوی ڕووداوەکان چـۆن کۆتاییـان پـێ بێـت و لـە کوێـدا دوا خاڵـی کۆتایـی دابنێـم.)) (ئەحمـەد،١٠٦،٢٠١٠) ڕۆماننـووس لـە هونـەری گێڕانـەوە و گرنگیدانـی بـە ڕووداوەکانـی دەوروبـەری، بووەتــە تــەوەری ســەرەکی، خــودی نووســەر قســەکەرە و تێکەڵـی بەڕێوەچوونـی ڕۆمانەکەیـە، زۆر لـە بـارەی خۆیـەوە ناڵێــت، بەڵکــوو ئــەوەی لــە دەوروبــەری ڕووی داوە، لەنــاو کۆمــەڵ، مێــژوو ئــەوە بــاس دەکات، بۆیــە ((گێڕانــەوەی ئــەو ڕووداوانــەی لــە ژیانــی نووســەردا ڕوویــان داوە و ڕۆڵــی تێیانــدا هەبــووە. ئامـاژە بــە هەمــوو ئــەو ڕووداوە مێژووییانــە دەکات کــە نووســەر بەشــداری تێــدا کــردوون، بینیونــی، یــان لــە هاوســەردەمانی بیســتووە وخۆشــی دەبێتــە قســەکەر ولەگــەڵ خوێنــەر دەدوێ.)) (جبـور،٢٤٦،١٩٩٨)، کەواتــە گرنگیــدان بــە ژیانــی گشــتی لــە چوارچێــوەی ژیانــی تایبەتیــی نووســەردا، بیــرەوەری و پەنابــردن بــۆ بەڵگــەی مێژوویــی تــا ڕووداوەکان تۆمــار بــکات. (جــۆرج مــای) دەڵێــت: ((خوێندنــەوەی ڕۆمــان و مێــژوو جــودان لــە دوو شــت، یەکەمیــان حەقیقییــە و ئــەوی دیکــە خەیاڵییــە، بەڵکــوو ئــەوەی یەکــەم لــە بەرگێکــی حەقیقــی و ئــەوی دیکەیــان لــە بەرگێکــی خەیاڵیــدا دەنووسرێــت، لــە شــێواز و تەکنیکــی جیــاواز.)) (عبدالدائــم،١٩٧٤، ٤١).

نامۆیــی ئایینــی لــە ڕۆمانــی (عشــاق وفونوغــراف وأزمنــة)ی لووتفییــە دلێمیــدا

لــەم ڕۆمانــەدا نووســەر بــاس لــە عیشــق و خۆشەویســتی و خواوەنــدی عشــق دەکات، پاڵەوانــی ڕۆمانەکــە نــاوی (نهــی جابری)یــە لــە ڕێگــەی خەونــەوە ڕووداوی سەیروســەمەرە دەبینــێ، بــەردەوام بــە دوای ڕاڤەکردنیانــە، بــاوەڕی وایــە خوداوەندێــک هەیــە ئــەم جــۆرە خەونانــەی دەخاتــە نــاو ژیانــی. بەهەمــان شــێوە بــاس لــە بارودۆخــی جەنــگ وکوشــتن دەکات لەســەردەمە کۆنەکانــی شــاری بەغــدا و تــا ئــەم ســەردەمەی ئێســتەش، لــە ناخیــدا نەفــرەت لــەو ڕووداوە ناخۆشــانەی ژیانــی دەکات. هەوڵــی کۆچکــردن دەدا، بــڕوای بــە ئەفســانە و جــادوو هەیــە تــا ئــەو بارودۆخــەی بگــۆڕن بــۆ باشــتر.لەم ڕۆمانــە دەنگــی بگێــڕەوەی «هەمووشــتزان» زاڵــە، زیاتــر ڕووداوەکان ئاراســتەی کاتــی جیــاواز کــراوە لەنێــوان دوو مێــژوودا. گێڕانــەوەی لەلایــەن (نهــی) پاڵــەوان و(صبحــي الكتبخــاني) باپیــرە کۆچکردووەکــەی نهــی، لــە گێڕانــەوەی کارەســاتی جەنگــی کەوتنــی (شــاری بەغــدا) بــە دەســتی ئەمریــکا لــە مێــژووی نوێــدا و داگیرکردنــی بەغــدا لەلایــەن عوســمانییەکانەوە لــە ڕابــردوو. لــەم ڕۆمانــە نهــی یاداشــتی

خێزانەکــەی تۆمــار دەکات و زۆر نهێنیــی شــاراوەی تێــدا بــاس دەکات، هەروەهــا بــاس لــەو پێوەندییــە ســۆزدارنە و خۆشەویستیی قەدەغەکراوانـەی کۆمەڵگـە دەکات، بـە تایبەتـی چینــی ئاغــا و دەوڵەمەندەکانــی کۆمەڵگــە کــە بــە مافــی خۆیــان دانــاوە هەرچــی ســنوور هەیــە ببەزێنــن و دەســت بـۆ ناموسـی کرێـکار وخزمەتکارەکانیـان ببـەن، بەبـێ ئـەوەی کـەس سـزای ئـەو تاوانەیـان بـدا، چەوسـانەوە و ئازاردانـی چینـی هــەژار بەدەســت ســەرکردە و دەســەڵاتدارانی وڵات. تەنانــەت بەنـاوی ئایینـەوە مافـی ئەوەیـان بـە خۆیـان داوە کـە هەرچـی کاری نەشـیاو هەیـە بیکـەن. بـە بیانـووی ئـەوان لەژێـر سـایە و باڵــی ئــەوان دەژیــن، مافیــان نییــە نــاڕازی بــن. شــکاندنی شـکۆی مـرۆڤ لەپێنـاو ژەمـێ خـواردن یاخـود بڕێکـی کـەم پــارە، هەرچــی ئــەم کار و کــردەوە لــە دێــر زەمانــەوە هــەر هەبــووە. چەوســانەوەی چینــی کرێــکار لەلایــەن دەوڵەمەنــد و چینــی ئەروســتوقراتی، بەیادکردنــەوەی ئەوانــە نووســەر (نامۆبوونێکــی ئایینــی) پاڵەوانەکانــی نــاو ڕۆمانەکــە دەخاتــە ڕوو. پاڵەوانــی ڕۆمانەکــە بــاس لەتێکەڵبوونــی چەنــد ئایینێــك و چەنــد نەتــەوە و چەنــد زمــان دەکات. پێوەندیــی جیــاواز لــە نێــوان کەســایەتیی نــاو ڕۆمانەکــە چەنــد جۆرێکــی بــاس کــردووە، لەوانــە (بنەماڵــەی کتبخانــە)ی «نوهــای پاڵــەوان. چەنـد پەردەیـەک هەڵدەماڵـێ لەسـەر ڕەگوڕیشـەی خێزانەکـەی کــە نواندنێکــی ســاختەی نــاو کۆمەڵگــە دەگێــڕن کــە نموونـەی پاکـی و پیـرۆزی و ڕەوشـتبەرزییە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وا نەبــووە، بــۆ نموونــە باپیــری (صبحــی الکتبخانــی) پێوەنــدی هەبــووە لەگــەڵ ئافرەتێــک بەنــاوی (بنفشــە) و منداڵێکــی لــێ بــووە -هەروەهــا کاری بەدڕەوشــتیی مامــی لەگــەڵ کارەکــەرە ئەفەریقییەکــەی – پێوەنــدی (وەلیــدی بــرای بەسمیرامیســی) مەســیحی بــاوەڕ، زەواجکردنیــان بەنهێنــی، هەتــا ڕادەیــەک (وەلیــد) بــاوەڕی ئایینیــی خــۆی دەگــۆڕێ. ئــەم ڕۆمانــە ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات کــە چەنــدان نهێنــی هەیــە لــە ژیانــی کەســەکان و خێزانــە دەوڵەمەنــدەکان، گــەر پــەڕەکان هەڵبدرێنــەوە، گوێبســتی زۆر لــەوە زیاتــر دەبیــن، بۆیــە ناکــرێ تەنیــا لــە ڕووکەشــەوە تەماشــای خۆپیاهەڵدانــی کەســەکان و خێزانەکانیــان بیــن، دەکــرێ هــەر بنەماڵەیــەک نهێنییەکــی گــەورەی شــاردبێتەوە و بوێریــی باســکردنی نەبێــت. شــێوازی نووسـینی ڕۆمانەکـە لـە ڕۆمانـی* (سـەد سـاڵی تەنیایـی، مئـة عــام مــن العزلــة)ی گابریــال دی مارکیــز دەکات کــە پاڵــەوان نامۆیــە لــەو بارودۆخــەی خێزانەکــەی و هەمــوو ئــەو ڕاســتییە شـاراوانە تووشـی شـۆکی دەکـەن. لووتفییـە دلێمـی بـاس لـە سـوپای عوسـمانی دەکات کـە زۆرینـەی داهاتیـان کرێـکار و کۆڵبــەر و تەقەکــەر و دز و تەپڵێــدەرن، جگــە لــە دەروێــش و عیرفــان و مۆســیقاژەن و عاشــق، لەگــەڵ خزمەتــکار و... کۆیلەکانــی بــێ ئیــرادەن بەهــۆی ناهاوســەنگیی ســۆزداری و فیکـری و ڕەتکردنـەوەی تێکەڵاوبـوون لەگـەڵ چینـی هـەژاردا، بــە بیانــووی پاکیــی خوێنــی خۆیــان دەکــەن، نووســەر لووتفییــە دلێمــی بــە ڕوونــی ئاشــکرای دەکات، ڕەچەڵەکــی تێکـەڵاوی نێـوان عـەرەب و کـورد جگـە لـە زمانـی جۆرجـی و تورکـی سـەمەرقەندی و هینـدی، دیدێکـی شارسـتانی مرۆییـی کەنــداوی پێــک هێنــاوە. نەفــرەت لــەو دۆخــەی عێــراق دەکات، لەوانـە (بۆردمـان، کوشـتن لەسـەر ناسـنامە، شکسـتی پــەروەردەی زانســتی، بڵاوبوونــەوەی نەزانــی و نەخوێنــدەواری، هەروەهـا دابەزینـی چینـی ناوەنـد) کـە لـە بنەڕەتـدا، لـە چینـە باڵاکانــی کۆمەڵگــە بــوون لــە ســەردەمی عوســمانیدا. پــاش داگیرکاریــی ئینگلیــزەکان، چینێکــی مۆدێرنیســتی درووســت بــوو کــە کرانــەوەی بــە ڕووی جیهــان و گۆڕینــی سیســتەمی سیاســیدا، کۆنتڕۆڵــی لەدەســت دا، هەروەهــا پێبەندبوونــی خــۆی و شــکۆمەندیی خــۆی لەدەســت دا و بــە شــێواز و میتـۆدی پێچاوپێـچ سـەرکەوت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا وەک چینێکـی خوێنـدەوار پەرۆشـیی خـۆی بـۆ پـەروەردە و زانسـت لەدەســت نــەدا، هەروەهــا پاراســتنی دابونەریتــی مەدەنــی لەدەســت نــەدا کــە ژیانــی بەغــدادی لــە... ئــەو ڕووخســارە نوێیانـە و چینـە مشـەخۆرەکان کـە تایبەتمەنـدن بـەو کۆچـەری و بەربەرییــەی کــە داگیــری بەغدایــان کــرد و بــە پارەکانیــان بەرزبوونــەوە بــۆ ئەســتێرەبوون، لــە ڕێگــەی دەســتکەوتی نایاسـایی دوای داگیـرکاری ئەمریـکا بـووە. «نوهـای» پاڵـەوان توڕەیـە لـە واقیعـە تاڵـەی کـە خێزانەکـەی ئەزموونـی دەکات. ڕۆمانــی «عشــاق و فۆنۆگــراف و ازمنــە» ڕۆمانێکــە بــۆ شــاری بەغـدا، بـە هەمـوو خۆشـی و خـەم و جوانـی و خۆشەویسـتی و عاشـقەکانییەوە، هەروەهـا شـێتی و خۆکوشـتن و سـەرکەوتن و پاشەکشـە. چیرۆکـی ئـەو کەسـانەیە کـە لـەم ماوەیـەدا لـە

بەغـدا ژیـاون و مـردوون، نوهـا ئەلکتبخانـی پێـش ڕۆشـتنی لەسـەر ئامێـری کۆمپیوتـەر تۆمـاری کـردووە، هەرچەنـدە ئـەم ڕۆمانـە بـە باسـکردنی نوهـا جابـر ئەلکتبخانـی دەسـت پـێ دەکات، کـە لـە فەڕەنسـا ژیانێکـی تەنیـا و بێچـارە دەژیـا، هاوسـەرگیری لەگـەڵ پیاوێکـی فەڕەنسـی کردبـوو، دوای بیسـتنی هەواڵـی نەخۆشـەکەوتنی باوکـی لـە ڕێگـەی براکەیـەوە، بڕیـار دەدات بگەڕێتـەوە بەغـدا و لـە ڕێگـەی براکەیـەوە یاداشـتنامەی باوکـی و فۆنۆگرافێـک دەدۆزێتـەوە کـە دەسـت دەکات بـە چاککردنـەوەی بـۆ دۆزینـەوەی مێـژووی خێزانەکـەی لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسـمانی لـە بەغـدا کۆمەڵـێ شـت ئاشـکرا دەکات، ڕۆمانەکـە بـاس لەڕۆڵـی قارەمانانـەی کارەکتـەرەکان دەکات لـە نێـوان ڕابـردوو و ئێسـتەدا، بەجۆرێـک کـە هیـچ

*سـەد سـاڵ تەنیایـی :ڕۆمانێکـی نووسـەر و ڕۆماننووسـی ناوداریـی کۆلۆمبـی گابرێـل گارسـیا مارکیـزە. لـە سـاڵی ١٩٦٧ دا چـاپ کـراوە و نزیکـەی سـی ملیـۆن دانـەی لـێ فـرۆشراوە. بـۆ نزیکـەی سـی زمانـی جیهانیـش وەرگێـڕدراوە. بەهـۆی ئـەم ڕۆمانـەوە خەڵاتـی نۆبڵـی وێـژە لـە سـاڵی ١٩٨٢ بـە گابریـل گارسـیا مارکیـز بەخـشرا. ڕۆمانەکـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ دا نـووسراوە.

کارەکتەرێکـی دیاریکـراو تایبـەت نییـە لەسەرحیسـابی یەکێکـی دیکـە تـا ئاسـتی سـتەمکاری، بۆیـە ناونیشـانی "عشـاق وفۆنۆغـراف وأزمنـة" بـە گوێـرەی ناوەڕۆکـە هەمەچەشـن و جۆراوجۆرەکـەی هاتـە ئـاراوە، چیرۆکـی عاشـقەکان، کـە لـە بیرەوەرییەکانـدا ئاماژەیـان پـێ کـراوە کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ مێـژووی بنەماڵـەی ئەلکتبخانـی، و سـەردەمی بەغـدا لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی عوسـمانیدا، لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا تـا ڕۆژانـی جەنگـی جیهانیـی دووەم. لـە کاتێکـدا ئـەو فۆنۆگرافـە کـە بـە مێـژوودا دەگـەڕا بـۆ ئـەوەی نهێنیـی جۆراوجۆرمـان پـێ بگەیەنێـت لـە ڕێگـەی قەوانەکانـی (باپیـرەی باوکـی، کـە میراتـی باپیـرە گـەورەی بـۆ فـوادی کـوڕی ماوەتـەوە. صبحـی الکتبخانـی نووسـەرێکی بەتوانـا و لێهاتـوو بـوو، ئـاوات و ئـارەزووی زانسـت و سـەفەر بـووە. هەروەهـا چیرۆکەکـەی لەگـەڵ «بنفشـا خاتـوون» کـە خاوەنـی کەسـایەتییەکی دڵڕفێـن و دەنگێکـی فریشـتەییە، کاریگەرییەکـی زۆری هەبـوو لەسـەر یاخیبوونـی لـە دژی کۆمەڵگـە، شـکاندنی چەشـنە چەقبەسـتووی کۆمەڵایەتـی بـووە. کاتێـک سـوبحی هاوسـەرگیری لەگـەڵ بنفشـە کـرد. هەرچەنـدە ئافرەتێکـی سـەماکەری کۆشـکی سـوڵتانی عوسـمانی بـووە. ئەمـە وای کـردووە بنەماڵەکـەی لـێ بێبـەری بـن، شـکۆی نـاو خێزانەکـەی نەمێنـێ. ڕۆمانەکـە لـە نێـوان سـەردەمەکاندا دەجووڵێـت، لـە نێـوان بەغـدای کـۆن و بەغـدای سـەردەمی ئێسـتە و لـە قۆناغـی دوای ٢٠٠٣دا، گێڕانـەوەی کارەسـات و ئـازاری جۆراوجـۆر. دڵەڕاوکـێ و ئـاە و خەمبارانـەی کەسـایەتیی عێراقـی بـە گشـتی بیرمـان دەخەنـەوە، ئـەو کەسایەتییانەن کـە ئـارەزووی ژیـان دەکـەن، تامـەزرۆی خۆشەویسـتی و خـەون دەبینـن، ئاواتەخـوازن بـۆ ژیانێکـی شایسـتە، بـەڵام لـە دۆزەخـی ڕابـردوو و ئێسـتەدا دەژیـن، بەبـێ تـاوان و ئـەوەی لـە ژیانمانـدا خراپـە بەرهەمـی هەڵبژاردنـی کەسـی نەشـیاو و توندڕەوە. ئـەو تێکچوونـە سیاسـییەی تاکـی عێراقـی تێیـدا دەژیـن کـە لـە هەمـوو سـەردەمێکدا بـە درێژایـی مێـژوو لـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و کولتووریـدا دەنـگ دەداتـەوە. ڕۆماننووس«لووتفییـە دلێمـی» ئـەو مـاوەی زیاتـر لـە سـەدەیەک کـە عێراقییـەکان تێیـدا ژیـاون، وەک بەڵگەنامەیەکـی وردی نارەزایەتیـی مـرۆڤ پێشـکەش بـە جیهـان بـکات و دەڵێـت جیـاوازی نییـە لـە نێـوان عێراقـی دوێنـێ و عێراقـی ئەمـڕۆدا. هـزری ڕۆماننـووس لووتفییـە دلێمـی، لـە ڕێگـەی ڕەنگدانـەوەی ئـەو سـاڵانەی کـە نووسـەر تێیـدا ژیـاوە و پێیـدا تـێ پەڕیـوە و لێیـان هاتووەتـە دەرەوە، وای لـێ کـردن لەسـەر تایبەتمەندییەکـی ئـا جۆرێکـی تایبـەت و ئیمتیازاتـی نووسـەر لەوەدایـە کـە توانایەکـی بـەرزی بـەم زمانـە بەخشـیوە. ئاوارەبـوون لـە ئێسـتەدا بـە تـەواوی ئیسـتغلال نەکـراوە، وەک چـۆن زمانـی ئـاو، هـەوا، زەوی، ئاگـر، دار، ڕاسـتییەکان و سروشـت، هەروەهـا لـە وەسـفکردنی جەنـگ و پەتـا و بـەڵا و قـەدەر و ئەوانـی تـردا. حـەز و ئـارەزووی ڕوونـە بـۆ وەسـفکردنی خولەکـە بێسـنوورەکانی ئـەم ڕۆمانـە، کـە بەشـێکی ڕەسـەنی جەختکردنەوەیەتـی لەسـەر کردنـی دەقـی گێڕانـەوە بـە دەقێکـی ئەفسـووناوی و دەوڵەمەنـد کـە واز لـە کەشـوهەوای خەوناویـی خـۆی ناهێنێـت، گرنـگ نییـە پێکهاتـەی ڕووداوەکان

چەندە هەمەچەشنن. ئەم ڕۆمانە بە کارەکتەرەکانی دەورە داوە، وردترین وردەکاریی شوێنەکانمان بە ناو و سیفات و جۆری جلوبەرگ و ڕەنگەکانیان و نووسراو و دیکۆرات و کەرەستە و نەخشەیەک بۆ هەر گەشتێک و شارەکانی لەسەرمان وێنا کردووە. بە جۆرێک خوێنەر هەست بکات کە لەناو دیمەنی (بۆنی گوڵ و دوکەڵ) جۆرەکانی تر دەکات. بەدڵنیاییەوە ناتوانین کارەکتەری ژن لە دونیای لووتفیە لەبیر بکەین، هەرچەندە تا ئەمڕۆش سیستمی کۆمەڵایەتیی ناڕەوا دەبینرێت، بەڵام هەمیشە دەبینین پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە لە تەپۆڵکەی یادەوەرییەکانەوە هەڵدەستن و زاڵبوونی چارەنووسی خراپی ڕێکەوت و ژیانی نادادپەروەرانە. لە کاتێکدا کە دایکی سوبحی و بنەماڵەکەی بەدەست ستەمکاری باوکەوە دەناڵێنن، تا ڕادەی لاوازی و ترس لە باسکردنی نەک لێپرسینەوە، دەنگی گێڕەرەوە لە ڕێگەی کەسایەتی سوبحیەوە سەرهەڵدەدات کە کراوەیە بە ڕووی جیهان و گەشتەکانی بۆ ئاستانە و خوێندنەکەی لەوێدا. نۆها، دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرکەی، پاش ماوەیەک لە هاتنەوەی بۆ بەغدا، ئەو پیاوەی کە هەمیشە لە خەون و بەئاگابوونیدا خەیاڵی کردووە و لە خەیاڵی نۆهادا هاتووە دەبینێ ناوی (نادر)ە، مامۆستای وانەی فیزیایە. ئەم دوو عاشقە بەهۆی سەختی و بارودۆخی شاری بەغدا توانای بڕیاردانی هاوسەرگیرییان نییە، ئەمەش وای کردووە بەردەوام نائومید و ڕەشبین بن. لە ڕۆمانی (عشاق وفونوغراف وازمنە): نامۆییەکی ئایینی لە پاڵەوانەکە دەبینی، هەرچەندە لە وڵاتێکە کە پێڕەوەی ئایینی ئیسلام دەکات و چەندان بیروباوەڕی ئایینی تێدا دەبینرێ (مەسیحی و جوولەکە و سووبی و کاکەیی و زەردەشتی و بوداییش و...)، لە وڵاتێک فرەزمان و فرەنەتەوە و هەمەچەشن ئاساییە، تاکەکانی بە ئاشتی و ئارامی بژین، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی کەوتنی بەغدا، ئەو بیروباوەڕ و ئاشتەواییە نەما لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان. کاری سیاسییەکان و بەرژەوەندیی ئاڵۆزکردنی ڕووداوەکان تەوەری سەرەکی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان بوون. دەبینین کوشتنی مەزهەبی -کورد و مەسیحی و یەزیدی واتا کوشتن و ڕاگواستنی ئەو هاووڵاتییانەی ئایینی جیاوازیان هەیە. ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی بە ماف و ڕەوای خۆیان دەزانن چارەنووسی تاکی عێراقی دیاری بکەن و بیروباوەڕ و ئایینیان بگۆڕن. بەرژەوەندییان لەوەدا هەیە تا ئەمڕۆ و پاش تێپەربوونی (١٩) ساڵ بەسەر لەناوچوونی دەسەڵاتی پێشوو، ئارامی و خۆشگوزەرانی تێدا نەبینرێ. بۆیە نووسەر لە مۆنۆلۆجی پاڵەواندا ئەو بارودۆخە و نامۆیی ئایینییەی دەخاتە ڕوو: ((البشر جميعا- وليست وحدها -صهروا في بوتقة هائلة يسمونها الحب او العشق او الغرام وهي ليست سوى الرغبة في تلاحم الاعراق والاجساد خوف التلاشي في خديعه الموت، الكل ولدوا من مكيده نشوة عارمة سرت في اللحم صعقة مكهربة، عشقوا وتناسلوا وتخالطت انسابهم وخانوا وتقاتلوا واسسوا البيوت واقواس النصر وميادين المدن والاسواق ومنازل البغاء والبنوك واكل ملاحمهم عفن الكراهيه او جذام الجشع ثم انشغلوا بتوسيع المدافن التي عززتها صراعاتهم والحروب.)) (الدليمي،٢٠١٦، ١٤) واتا: (هەموو مرۆڤەکان - بەتەنیا ئەو نا - تواونەتەوە ناو کۆپانێکی زەبەلاح کە پێی دەڵێن خۆشەویستی و پەرستن، عیشق ئەوە هیچ نییە جگە لە ئارەزووی یەکگرتوویی ڕەگەز و جەستە، ترسی نەمان لە فێڵی مردندا. سەرکەوتن و گۆڕەپانی شار و بازاڕ و ماڵی لەشفرۆشی و بانک، سیماکانیان ڕزیوە بە ڕق و کینە یان پەتای تەماح، پاشان سەرقاڵی فرەوانکردنی ئەو گۆڕستانانە بوون کە بە خەبات و شەڕەکانیان بەهێزتر بوون.)

پاڵەوانی ڕۆمانەکە نامۆیە بە بوونی خۆی، تەنانەت نامۆیە بە چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤایەتی، نامۆیە لە بوونی خودایەک ژیان و مردنی بەدەست بێت، کە ڕۆح دەکاتە بەر کۆرپەلەیەک لەناو سکی دایکیدا. نامۆیە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی شاری بەغدا و دەسەڵاتی توندڕەوە ئیسلامییەکان، کە کاریان کوشتن تاڵانکردن تەنانەت ڕفاندن و ئابڕووبردنی خەڵکی بێ تاوانە. ئەمانەش بەناوی ئایینی ئیسلامەوە ئەنجام دەدەن. نووسەر چەندان تەکنیکی گێڕانەوەی کلاسیک و مۆدێرنیستی لە یەک کاتدا باس کردووە. لووتفیە دلێمی دەڵێت: ((من ويستم ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی نوێ بێت کە نزیکەی سەدەیەک لە مێژووی عێراق باس بکات، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە

تا سەردەمی ئێستەمان، لە چوارچێوەی بنەمای پایەی مێژوویی و کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژی دامەزراوە، هونەری خەیاڵی، کە لە پێشەکییە بەرفرەوانەکەدا ڕوون کردەوە، ڕۆمانی مۆدێرنم نووسیبوو، پاشان لە شوێنێکی دیکەدا بە دەقێکی درێژ بە ناوی "سێبەرە پەراوێزخراوەکانی گێڕانەوە" کە تێیدا باس لە لایەنە پەراوێزخراوەکان دەکەم کە لە خەیاڵی گێڕانەوەی هاوچەرخدا گرنگییەکی زۆریان هەیە.))(کاظم،٢٠٢٢، ٣٥٨).ئەم ڕۆمانە، تێکەڵەیەکە لە (مێژوو، بیرۆکە، مۆدە، خواردن، سەفەر، فیزیا، بیرکاری، بەڵگەنامەکردنی ڕاستییەکانی جیهان، مۆسیقا، تەکنیک، دەروونناسی کتێب، گوڵ و هتد.)ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەت لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵۆزی مێژوو-کۆمەڵناسی-سیاسیدا کە لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا هاتە ئاراوە، کە ئاراستەی خوێنەری پێوەندار دەکات. سەبارەت بەتەکنیکی گێڕانەوەکە، کە لەم بەرهەمەدا وەری گرتووە، کلاسیکین و هەندێک لایەنی مۆدێرنیستی تێدایە. لەپارەگرافێ تر پووری نوها کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی گەنجێکی فێڵباز بەناوی (نشوان)، کاری تەنیا فریوودانی ئافرەتانە و هەڵخەڵەتاندنیان و پەیمانی هاوسەرگیری دەدا پێیان، بەڵام هەرگیز ئەم پەیمانە ناهێنێتە دی، لەکۆتایی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی دەوڵەمەندی بەتەمەن دەکات و دەبێتە کۆیلەی ژێر دەستەی سامانەکەی. ئەم بارودۆخە لەلایەن (مدیحە)ی پووری نوها دەیزانی و دەیبیستێ بە قسە شیرینەکانی بۆ هاوسەرەکەی کە هەمان قسەی بۆ ئەویش دەکرد و بۆی دەرەکەوێ کە فریو دراوە. بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت. لەلای ڕووباری دیجلە خۆی دەکوژێت. ئەم کارەساتە کاریگەری بەسەر نوهاوە هەیە، بۆیە دەڵێت: ((لم تكن لتضحي بالمعبد وتلوث البئر وتطفي المصباح بلمسةرجل لاتحبه تزوجت النهر،لانها آمنت بان الموت وجه من وجوه الحب تزوجت الماء،شاءت ان لاينضب البئر،تزوجت النهر،زفت نفسها للموج وعتمة الاعماق.)) (الدليمی،٢٠١٦، ١٣٢). واتا: (ئەو کچە پەرستگەکەی نەدەکردە قوربانی و ئاوی بیرەکەی پیس نەدەکرد و چراکەی نەدەکوژاندەوە، بە دەستلێدانی پیاوێک کە خۆشی نەدەویست، شووی بە ڕووبارەکە کرد، چونکە پێی وا بوو مردن یەکێکە لە لایەنەکانی خۆشەویستی. هاوسەرگیری لەگەڵ ڕووبارەکەدا کرد، خۆی خستە بەردەم شەپۆلەکان و تاریکی قووڵاییەکان).

لەم ڕووداوە دڵتەزێنەی خۆکوشتن ئەنجامی نائومێدیی دڵشکانێکی زۆر بوو، لێرەدا نامۆییی ئایینی پاڵەوانە لە بوونی خودایەک تۆڵەی بێتاوانان بکاتەوە، هەروەها بوونی دیاردەیەکی نامۆی تر، کە حاڵەتی گفتوگۆی نوها لەپاش خۆکوشتنی پووری کەباس لەهاوسەرگیری پووری لەگەڵ ڕووبارەکە دەکات کە شتێکی مەحاڵە. ئەوەی بیستراو و بینرا بێ (ڕووبار) لە جنسی مرۆڤدانییە تا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکرێت. شۆکبوونی پاڵەوان و لێکچواندنی حاڵەتی خۆکوشتن بە زەواجەوە کە دوو شتی جیاوازن. ئەوەی هاوسەرگیری دەکات بەرە و ژیانێکی نوێ و پێکهێنانی خێزان دەڕوات. بەپێچەوانەی مردن کە دابڕانە لە خێزان و بەرەو نادیار، نووسەر لێرەدا، ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە لە شارستانییەتیی کۆنی (سۆمەری)دا کاتێک ئافرەتە گەنجەکان دەکرانە قوربانی بۆ خواوەندی ئاو، وەک بووکێک دەڕازێنرانەوە پاشان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا و بەرەو ڕووباری دیجلە یان فورات و دەکرانە قوربانی. بۆیە باسکردنی وشەی (پەرستگا و هاوسەرگیری لەگەڵ ڕووبار) یەکێک بووە لە ڕێوڕەسمەکانی سۆمەری کۆن (الطقوس السومريه) پەرستنی خوداوەندی ئاو لەلای *سۆمەرییەکان. جۆرە بیروباوەڕێکیان بەهێزی ئاو هەبووە لە بەڕێوەبردنی ژیانیان، نووسەر دەڵێت: ((بەرهەمە گێڕانەوەکانم بەتایبەت ئەوانەی خەیاڵین، تایبەتمەندیی تایبەتیان هەیە کە پێوەندی بە ئەزموونی منەوە هەیە و ئەم تایبەتمەندیانە لە کارەکانی ئەم دواییەمدا پەرەیان سەندووە و چڕتر بووەتەوە. تایبەتمەندی یەکەم: بەکارهێنانی دەقی عیرفانیی - ئەگەر پێویست بوو - وەک ماددەیەکی ڕەسەن لە دەقی ڕۆماننووسدا و بە شێوەیەکی ئۆرگانیک و یەکگرتوو کە دەتوانێت جۆرێک لە «هەستی میتافیزیکی» بۆ خوێنەر دابین بکات کە ڕەنگە یارمەتی بدات هەنگاوەکانی بدۆزنەوە و هەڵبژاردنەکانی لە ژیانی ئێستەیدا بەڕێوە ببەن.)) (کاظم، ٢٠٢٢، ٣٥٨)) نامۆبوونێکی تری ئایینی لە

شـارێک کـە زۆرتریـن دانیشـتوانی موسـڵمانن، کەچـی هـەر بەنـاوی ئایینـەوە. دەسـەڵاتدارانی چەنـدان تاوانیـان ئەنجـام داوە لـە ڕێگـەی ئاشـووبنانەوەی (شـەڕی مەذهەبـی -ڕق و کینـەی طائفـی)ی نیـوان تاکەکانـی کۆمەڵگـە، کـە بوونەتـە زارە بەردێـک بەدەسـت (سـەید و مـەلا عەمامـە بەسـەرەکانە) وە، ئەوانیـش جگـە لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان، گرنگـی بـە ئاشـتەوایی نێـوان خەڵکـی و ئاوەدانیـی وڵات نـادەن. پاڵـەوان دەڵێـت: ((لم اسـمع بمدینـة تتـآکل وتنحدر باناسـها وقیمها مثـل بغـدادلم اسـمع عـن مدینـة تتحـول الی غباروجحیم،الحربـات یخیـم حتـی شـهر تشریـن الثـاني، کنامثـل شـواء منـذور لالهـة دمویـة کـما یقـول جابـر- الارصفـة میتـة والمبـاني متجهـة تحفـل بااعلانـات قبیحـة وصـور لاشـخاص عابسـین بلحـي وعمائم،الشـارع مزحـوم بسـیارات زاعقـة ووجـوه السـائقین عکـرة عابسـة.))(الدلیمی،٢٠١٦، ١٣٦)، واتـا: (مـن نەمبیسـتووە شـارێک وەک بەغـدا لەگـەڵ خەڵـک و هەمـوو بەهاکانیـدا بڕووخێـت و داشـکێت، نەمبیسـتووە شارێک بگۆڕێـت بـۆ خـۆڵ و دۆزەخ، ڕمـەکان تـا مانگـی نۆڤەمبـەر ئامـادە بـوون ئێمـە وەک قوربانییـەک بـۆ خوداوەندێکـی خوێنـاوی بدرەوشـێنەوە، وەک جابـر دەڵێـت - شۆسـتەکان مـردوون و باڵەخانـەکان پـڕن لـە ڕیکلامـی ناشـیرین و وێنـەی خەڵکـی ڕووخسـار بـە ڕیـش و عەمامـە و مڕومـۆچ. شـەقامەکە قەرەباڵغـە بـە ئۆتۆمبێلـی زەق، دەموچـاوی شـۆفێرەکان خەمبـار و غەمگینـە.) نووسـەر وێنەیەکـی تراژیدیـی شـاری بەغـدا دەخاتـە ڕوو، بـاش ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی بەعسـی دیکتاتـۆر و ئـەو وێنەیـەی کـە چەنـدان سـەدەیە لـە مێـژووی عێـراق دووبـارە دەبێتـەوە. لووتفیـە دلێمـی: سـەبارەت بـە ئەزموونـی ڕۆماننووسـیم، بـە ڕوویەکـی یەکلاکـەرەوە دەڵێـم: ((تـا ئێسـتە لەژێـر وەسوەسـەی تاقیکردنـەوەی دیدێکـی گێڕانـەوە بـووم کـە لەسـەری خوێندمـەوە و سەرسـام بـووم، یـان لەگـەڵ ڕۆحـدا هاوتەریـب بـووم، هەرگیـز دەقێکـی گێڕانـەوەم نەنووسـیوە لـە دەقێـک کـە خوێندوومەتـەوە و سەرسـام بـووم، بەڵکـو بەپێـی سـەلیقەی کەسـیی خـۆم دەنووسـم و ئـەو دەقـەی کـە کاری لەسـەر دەکـەم چـی دەوێـت، بـە فەرمانەکانـی بنیاتنانـەوە و پێکهاتەکانـی بانگـی دەکرێـت، و ئـەوەی کـە پێگـەی فیکـری داوای دەکات کـە... ڕۆمـان دەبـێ لـە هەمـوو ژانرەکانیـدا بەرەوپێـش ببـات، جگـە لـەو پێداویسـتییە جوانکاریانـەی کـە هونـەری ڕۆماننـووس داوای دەکات.)) (المفرجـی، ٢٠٢٢، ٤٦٠٣)، ڕۆمانەکـە چەنـدان وێنـە و جـۆری نامۆیـی و ڕەشـبینی تێـدا دەبیـنرێ کـە نووسـەر پەیـام و کاریگەربوونـی بـەو بارودۆخـەی شـاری بەغـدا خسـتووەتە ڕوو، هەرچەنـدە ڕوون نییـە بارودۆخـی ئـەو کەسـایەتییانەی نـاو ڕۆمانەکـە بـە چ ئاقـارێ دەڕوات؟

*ئایینـی سـۆمەری ئـەو ئایینـە بـوو کـە گەلـی سـۆمەری پێـڕەوی دەکـردو پێبەنـد بـوو پێیـەوە، یەکـەم شارسـتانیەتی خوێنـدەواری بـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی کـۆن. سـۆمەریەکان ئـەو خوداوەندەیـان بـە بەرپرسـیار دەزانـی لـە هەمـوو ئـەو بابەتانـەی کـە پێوەندییـان بـە فەرمانـە سروشـتی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە هەبـوو، پێـش دەسـتپێکردنی دەسـەڵاتی پاشـایەتی لـە سـومەر لەلایـەن قەشـە و بەرپرسـە ئایینییەکانـەوە بەڕێوەدەبرێـن. ئـەم ڕۆڵـە دواتـر لەلایـەن پاشـاکانەوە جێگـەی گرتـەوە، بـەڵام قەشـەکان بـەردەوام بـوون لـە کاریگەرییەکـی بەرچـاو لەسـەر کۆمەڵگـەی سـۆمەری. هەبوو.سـۆمەریەکان پێیـان وابـوو کـە گـەردوون لـە ڕێگـەی زنجیرەیـەک ئەفسـانەی دروسـتکردنەوە هاتووەتـە ئـاراوە. سـەرەتا(نامو) ئـاوە سـەرەتاییەکان، ئانـو (بەهەشـت) و کێـی (زەوی) لەدایکبـوو، کـە هاوسـەرگیریان کـرد و کوڕێکیـان بـە نـاوی ئێنلیـل بـوو. ئێنلیـل ئاسـمانی لـە زەوی جیاکـردەوە و ئیدیعـای کـرد کـە زەوی موڵکـی خۆیەتـی. ئێنکـی، کـوڕی ئانـو و کێـی، پێیـان وایـە دروسـتکەری مرۆڤەکانـە. بەهەشـت تەنیـا بـۆ خوداوەنـدەکان تەرخانکرابـوو و لەگـەڵ مردنیـان، بـاوەڕ وابـوو کـە هەمـوو ڕۆحـی مرۆڤـەکان، بەبـێ گوێدانـە ڕەفتارەکانیـان لـە ژیانـدا، دەچنـە ئیـرکاڵا، ئەشـکەوتێکی سـارد و تاریکـە لـە قووڵایـی ژێـر زەویـدا، گرنگتریـن خوداوەنـدە سۆمەرییەکان: ئانـو، خوداوەنـدی ئاسمان، ئێنلیل، خوداوەندی بـا و زریـان، ئێنکـی، خوداوەنـدی ئـاو و کولتـوری مـرۆڤ، نینهورسـاگ، خوداوەنـدی بەپیـت و زەوی، ئوتـو، خوداوەنـدی خـۆر و... دادپـەروەری، و باوکـی، سـێن، خوداوەنـدی مانـگ. لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی ئەکـەدی و دوای ئیمپراتۆریەتـی ئەکەدیـش، ئینانـا، خوداوەنـدی سـێکس و جوانـی و جەنـگ، لەلایـەن گەلـی سـۆمەرییەوە زۆر ڕێـزی لێدەگیـرا و لـە زۆر

ئەفسانەدا هاتووە، لەوانە چیرۆکی دابەزینی بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی. دەبوایە کچەشۆخەکانی سۆمەر بکرانایە بەقوربانی وببونایە بەهاوسەر خوداوەندەکانی ئاو وباو باران وئاگر بۆیە بەردەوام ئەوطقوسی قوربانی دانی ئافرەتیان لا پیرۆز بووە وەک ڕۆح لەبەری لەخوداوەندەکانیان ڕوانیوە. بڕوانە :ویکیبیدیا الموسوعه الادبیه.

بەڵام بار و گوزەرانی ئەو عاشقانەی بوونە قوربانیی جەنگ و دەسەڵاتە دۆڕاوەکان و ئەو ئافرەتانەی بوونە کەرەستەبەدەستی سەرکردەکان و ژیانیان لەناو چووە، لە کۆتاییی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا باس لە (نوها) دەکات، ئافرەتێکە خەڵکی عێراقە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا لەدایک بووە، کە ساڵی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانە، لە شاری گرێنۆبڵی فەڕەنسا وانەی زمانی عەرەبی دەڵێتەوە، بە ناچاری کۆچ دەکات بەرە و هەندەران، ئاڵۆزیی بارودۆخی شاری بەغدا و هەوڵی ڕفاندنی لەلایەن کەسانێکەوە، بەڵام خێزانەکەی ڕزگاری دەکەن و پاشان باوکی بڕیار دەدا بەرە و هەندەران بڕوات و ماوەی چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی فەڕەنسی دەکات بەڵام لێی جیا دەبیتەوە» دوای ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، لە ساڵی ٢٠٠٣ ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بەغدا، لە وەڵامی بانگهێشتی براکەی وەلید لە ئەنجامی تێکچوونی باری تەندروستیی باوکی (جابر) و... داواکارییەکەی بۆ بینینی پێش مردنی، باوکی نوها، سندوقێکی پێ دەدا، کە چەندان کاغەز و فایل لەخۆ دەگرێت کە ژیانی خۆی و ژیانی باوباپیرانی لە بنەماڵەی (الکتبخانی) تۆمار کردووە، جگە لە ئامێری (فۆنۆگراف) و دیسکی تایبەت کە دانپێدانان و یاداشتەکانی ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانەکە تۆمار کراون تێیدا «نوها « لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی ئەو دوو بۆکسە و شیکردنەوەی تێبینییەکان دەکات، بڕیار دەدات بیکاتە کتێبێک کە گێڕانەوەی ژیانی و خێزانی کتبخانی لەخۆ بگرێت. وەسیەتی باوکی دەهێنێتە دی و ئامێری (فۆنوگرافەکە) چاک دەکاتەوە و گوێی لە قەوانەکانی داپیرەی دەگرێت و هەموو یاداشتەکانی باپیرە (سوبحی) کە باپیری باوکی بووە تۆماری دەکات. ئەو ڕووداوانەی مێژووی بنەماڵەی «کتیبخانی» کەلەسەردەمی عوسمانلییەوە لەشاری بەغدا ژیابوون وچیرۆکی ونبوونی داپیرە(بنفشە)ی هەمووی بۆیەکلادەبێتەوە و هەستی بەشەرمەزاریی خۆی دەکات، کەڕەگ و ڕیشەی لەم بنەماڵەیە بووە. هەرچەندە خاوەن پارە و دەسەڵات بوون، بەڵام ڕەگ و ڕیشەیان سەرشۆڕی بۆ نەوەکانیان هێناوە. بۆیە بڕیار دەدات یاداشتەکانی باوکی بڵاو نەکاتەوە و هەر بە شاراوەیی بمێنێ و لەناو گۆڕستان بیانشارێتەوە. بنفشەی پاڵەوان لەناو قەوانەکان دەنگی خۆی تۆمار کردووە دەڵێت: ((انابنفشە هذا التاجر الذي اشتراني من النخاس هو ذاتە اسماعيل بگ الکتبخاني والد زوجي صبحي، فيکون ولدي منە -لوبقي حيا-اخاصبحي واخا لفواد،رحمتک يارب العالمين،کيف يحدث لي کل هذا؟؟ لماذاتضعني في تجربة مخزية ولاذنب لي في کل ماجرى من مصائب بدات بااختطافي وبيعي للنخاسين ؟؟وقعت مغشيا علي بعد رويتي للصورة،ولما افقت من غيبوبتي سجلت هذا الکلام وقررت الاختفاء.))(الدليمی،٢٠١٦، ٥٨١)، واتا: (من بەنفشەم ئەمە ئەو بازرگانەیە کە لە بازرگانێکی کۆیلە کڕیبووم. ئەویش هەمان ئیسماعیل بەگی کاتبخانی باوکی سوبحی هاوسەرمە، بۆیە کوڕەکەم لەوە -ئەگەر لە ژیاندا بمێنێتەوە - دەبێتە برای صبحی و فوئاد. ڕەحمەتی تۆ پەروەردگاری دونیاکان، چۆن ئەم هەموو شتە بەسەرمدا دێت؟ بۆچی من دەخەیتە دادگایەکی شەرمەزارکەر و من هیچ تاوانێکم نییە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە بەدبەختییەوە ڕوویدا لە ڕفاندن و فرۆشتنی منەوە بە بازرگانی کۆیلەکان دەستی پێ کرد؟ دوای بینینی وێنەکە بێهۆش بووم، کاتێک لە کۆما بەئاگا هاتمەوە، ئەم وتارەم تۆمار کرد و بڕیارم دا خۆم بشارمەوە.) ئەو وێنەیەی بنفشەی داپیرگەورەی نوها لە ڕۆژنامەیەک دەیبینی، وێنەی «ئیسماعیل بەگە» یەکی لەو بازرگانە ناودارانەی شاری بەغدایە، کە خەڵات کراوە لەلایەن (نامق باشا) ی والیی بەغدا لە سەردەمی عوسمانلیدا. بنفشە خاتوون: خەڵکی سەمەرقەندە بە منداڵی دەڕفرێنرێت و چەندان شار و شارۆچکە دەبینێت تا لەکۆتاییی لە شاری بەغدا «اسماعیل بگ» دەیکڕێ و لەماڵەکەی خۆی نیشتەجێی دەکات، بەڵام ئەم بازرگانە بێبەزییە دەستی لێ دەدات و

پاشان منداڵێکی لێ دەبێت، هەر کە منداڵەکەی دەبێت لێی جیا دەکەنەوە و ناهێڵن کۆرپەکەی ببینێ، دواتر دەیبات بۆ کۆشکی (نامق پاشا) وەک دیارییەک دەیبەخشێ پێی. ئەو کچە بێتاوانە چارەنووسڕەشە وەک سەماکەر و گۆرانیبێژ لە کۆشکی سوڵتان تا ماوەی چەند ساڵێ کار دەکات، پاشان لە کۆشکەکە چاوی بە سوبحی ناوێک دەکەوێت و دەکەوێتە داوی عیشق و خۆشەویستیی و دواتر بەنهێنی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات و کوڕێکی دەبێ ناوی دەنێ (فواد) و لە بنەماڵەی کتێبخانییە. کارەسات ئەوەیە ئەو پیاوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە، کوڕی ئەو بازرگانەیە کە تاوانی بەرانبەر ئەنجام داوە و منداڵێکی لێ بووە. پاش چەند ساڵ وێنەی ئەو بازرگانە لە ڕۆژنامە دەبینی و شۆک دەبێ. کە چ تاوانێکی کردووە، هەرچەندە ئەم ستەملێکراو بووە و هێچ تاوانی نەبووە، بەڵام قەدەر و چارەنووسی ئەو کارەسات و ڕووداوەی بەسەر هاتووە، بڕیار دەدات بڕوات و خۆیی ون کات تا ئابڕووی هاوسەر و کوڕەکەی نەچێ. پێش ڕۆشتنی ئەو ڕاستییە تۆمار دەکات تا لە دووی نەگەڕێن.

بەراورد لەنێوان ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)ی ڕێواس ئەحمەد و (عشاق وفونوغراف وازمنة)ی لووتفییە دلێمیدا

هەردوو نووسەر هەوڵیان داوە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی ئافرەت لە دوای جەنگمان پێ بڵێن. هەردوو نووسەر هەوڵی دەرخستنی بارودۆخی ئەو ئافرەتە بێ تاوانانەی بەهۆی جەنگەوە بازرگانییان پێ دەکرێت و چارەنووسیان نادیارە ڕۆمانی «گوڵچیای ڕۆحەکانی «ڕێواس ئەحمەد یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە لە بارەی تراژیدیای ئەنفالەوە دەدوێت. چەندان ڕەهەندی جیاوازی وەک: ڕەهەندی نەتەوەیی، سیاسی، کولتووری، جوگرافی و... لەخۆ گرتووە. ڕۆماننووس لە ڕێگەی کاراکتەرەکانەوە ئەم وێنە تراژیدییە دەگێڕێتەوە کە لەپرۆسەی ئەنفالدا بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە. لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە هەوڵی داوە ناسنامەی تایبەت بە هەر یەکێک لە کاراکتەرەکانی بدات بەپێی چۆنیەتیی بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکاندا. هەڵبژاردنی «ناوی کارەکتەرەکان و ناولێنانیان و وەسفی کارەکتەر و ڕۆڵی هەریەکێک لە کارەکتەرەکان و ئاخاوتن و هزری کارکتەرەکانەوە» بەرجەستە کراوە. ڕۆماننووس: ناوێکی تایبەتی بۆ پاڵەوانەکە هەڵبژاردووە کە گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە پێی داوە. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی وەسفکردنی کارەکتەرەکان و گفتوگۆ و هزر و بیریانەوە ناسنامەی هەر یەکەیانی جوانتر وێنە کردووە ڕۆمانکە هەر لەیەکەم ڕستەوە خوێنەر تووشی شۆک دەکات، تووشی دڵەڕاوکێ و سەرلێشێواوی دەکات، ئەم ڕۆمانە هەمووی لەسەر گێڕانەوە بنیات نراوە، کارەکتەرەکان چالاکن لەناو ڕۆمانەکەدا: کارەکتەرێکی ڕەشبینن، خەمناکن، سەرلێشێواو، نامۆن، یاخین، ستەملێکراون، هەرچەندە تەمەنیان گەنجە، بەڵام ناخیان پیر بووە لەو کارەساتە ناخۆش و بەرگەنەگیراوانەی بەسەریان هاتووە، هیچ چێژێ لە ژیانیان نابینن، دەروون سووتاون بە لەدەستدانی خێزان و خۆشەویستان. پاڵەوان نامۆبوونێکی ئایینی لە ڕەفتار و دواندنی دەبینرێ، پاش ئەو زوڵم وستەمەی بەسەر خێزانەکەیدا هاتووە. ئەوانەی ئەو کارەشیان کردووە موسڵمان بوونە و لەنەتەوەی عەرەبن، کوشتن و ئەتککردن و گۆڕی بەکۆمەڵ و ئابڕووبردن و بازرگانیکردنیان بە کەسانی بێتاوان بەناوی ئایینەوە. هەرچەندە پاڵەوان و خێزان و خەڵکی گوندەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و پاکتاوی نەژادی بەرانبەریان کراوە. ئەوان باوەڕداربوونە و هەمان باوەڕی ئایینی ئەو جەلادانەیان هەبووە. نووسەر لە ڕێگەی دوو پاڵەوانی ئافرەت، ڕووداوەکانی ئەو مێژووە، بە بیری خوێنەر دەهێنێتەوە. تەکنیکی ڕۆمانی مۆدێرن تێکەڵ بە نۆستالژیای یادکردنەوەی کارەساتی نەتەوەی کوردە. ئەم ڕۆمانەی کردووەتە سیمبول بۆ یادی ئەو ئافرەتە بێتاوانانەی چارەنووسیان نادیارە کە وەک کۆیلە لە وڵاتە عەرەبییەکان بازرگانییان پێوە کراوە. دەنگی دایکێکی دڵسووتاو بۆ چارەنووسی ڕۆڵەکەی، ئاخ و پەژارەی عاشقێک وێڵە بەدوای عەشقەکەی بۆیە لەلای (ڕێواس ئەحمەد)... ئەو نامۆییە ئایینییە پاڵەوانەکان لە ئەنجامی ئەو ستەم و تاوانە گەورەیە بووە، نەک لە بنەڕەتا هەر بێ باوەڕ بێ. هەرچی ئەو نامۆییە ئایینییەی لای پاڵەوانەکانی لووتفییە دلێمییە، بەهۆی دەسەڵاتداران و

شەڕی مەزهەبی و حوکمی سەید و مەلاکان، بۆ لەناوبردنی ناسنامەی کەسێتی و فەرزکردنی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لە بیروباوەڕی خەڵکیدا. بڵاوبوونەوەی جیاکاری مەزهەبی و شەڕی تایفی لەنێوان خەڵکی شاری بەغدا وعێراقدا. حوکمی لەناوبردنی بیروباوەڕی ئایینی، حەڵالکردنی کوشتن و سەبی و زەوتکردنی ئەو ئافرەتانەی لە هەمان مەزهەب و تایفەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت نەبوونە. بڵاوبوونەوەی (کوشتن لەسەر ناو وناسنامە)، ڕفاندنی ئافرەت، بڵاوبوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، نەبوونی خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکلامی فرۆشتنی گورچیلە نیشانەی خراپی گوزەرانی خەڵکە. هاوکات باسکردنی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکدا بە ڕوونی ئاماژەی بۆ کراوە و چەندان ڕووداوی نایاسایی کە پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات و گوێ بە هیچ یاسایەکی عورفی و ئایینی نەدراوە. لە هەردوو ڕۆمان: کاتی ئێستەی گێڕانەوە لەگەڵ کاتی ڕابردوو، یان داهاتوو تێکەڵ دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک، هێمایەک بۆ ئەوە بکرێت، کە کارەکتەر لەقسەکردندا بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، گێڕانەوە دەکەوێتە ئەستۆی پاڵەوانی سەرەکی یان یەکێ لە پاڵەوانە لاوەکییەکان و ڕووداوەکە لە کاتی ڕابردوودا دەگێڕێتەوە. لە زەینی پاڵەوانەکان چەندان کات تێکەڵ دەبن. ئەم تێکەڵبوونە خاسیەتی ڕۆمانی نوێ و پۆستمۆدێرنە، هەوڵێکە بۆ شکاندنی کاتی ناو دەق، چونکە لە ڕۆمانی کلاسیکدا کارەکتەر باسی جۆرێک لە کات دەکات کە ناتوانێ لەو کاتە لا بدات، چونکە ئەوە دەسەڵاتی ڕۆماننووس و بگێڕەوەی هەمووشتزانە شتەکان هەڵدەسووڕێنێت، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ڕێ دەدرێت لە یەک کاتدا (کاتی گێڕانەوە) چەند کاتێکی دیکەی تێکەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی فرەیی لە کات بێتە کایەوە. بە شێوەیەک هەردوو تەکنیکی هێنانەناوەوە و پێشکەوتنی ڕووداو بەکار دەهێنێت. ڕووداوەکانی لە خەونەوە بۆ واقیع گواستووەتەوە. کارەکتەرەکان نەخۆشیی دەروونیان هەیە، وڕێنە دەکەن، شڵەژانیان پێوە دیارە. لە وشەکانەوە دەزانین کە کارەکتەر لە چ دۆخێکی دەروونیدایە، لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)،ڕۆماننووس، بەبێ پەردە و بوێر دۆخی ئەو ئافرەتە ئەنفالکراوانەمان پێ دەڵێت و وێنەی واقیعی گواستووەتەوە، لە زاری شایەتحاڵەکانەوە وەرگیراوە. ئەوەی ڕووداوەکانیشی نەبینیبێ، ئەو وێنە و ڕەفتارە قێزەوەنەی دوژمنانی کورد دێتە بەرچاو، ڕۆماننووس وەک خۆی گواستویەتییەوە بۆ ناو ڕۆمانەکە. هەرچی لە ڕوومانی (عشاق وفونوغراف وازمنە) تێکەڵە لەنێوان دۆخی عێراقی ڕابردوو و ئێستەدا، ڕەهەندە سیاسییەکە لە هەردوو ڕۆمان تیشکی خراوەتە سەر و بارودۆخی سیاسی لە کوردستان و عێراق لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکانی) ڕێواس ئەحمەد، تەکنیکی گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفال لە ڕێگەی خەونبینینی کارەکتەرەوە خراوەتە ڕوو، هەرچەندە ئەم شێوازە هەمان تەکنیکی «جەمیل سائیب»ە کە لە دەقی لە خەوما بەکاری هێناوە. لەو سەردەمەدا «جەمیل سائیب» بۆ دەربڕینی بارودۆخی خەڵک و قسەکردن لەسەر دەسەڵات کۆی چیرۆکەکەی خستبووە قاڵبی خەونەوە. ڕۆمانی (عشاق و فونوغراف وازمنة)ی لووتفییە دلێمی، لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە بەسەر دوانزە بەشدا دابەش کراوە، هەریەکەیان بەسەر بەش یاخود لقە لاوەکییەکاندا دابەش کراوە و هەریەکەیان هەڵگری ناونیشانی تایبەت بە خۆیانن، زۆر جار قسەیەکی لەگەڵدایە کە ڕەهەندێکی فەلسەفی یان فیکرییە، زیاتر لە حەفتا بەش دابەش کراوە و ئاماژەیە بۆ قووڵایی کولتووری ڕۆماننووس و فرەیی و هەمەچەشنی خوێندنەوەکانی. بنیاتنانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بە وشەی یەکەمی ناونیشانەکەی دەست پێ دەکات کە ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی و خۆشەویستی لێرەدا هیچ شوێنێک و کاتێکی دیاریکراوی نییە، بەو پێیەی لە نێوان ڕابردوو و ئێستەدا دەجووڵێت. لە دێڕەکانی یەکەمەوە بوێریی ڕۆماننووس لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکدا دیارە کە هەستیارییەکی تایبەتی تێدایە. ژیانی «نوهائەلکتبخانی» لە نێوان خەون و وەهم و واقیعدا دابەش بووە. ئەم ڕۆمانە گەورەیە لە قەبارە و ناوەڕۆکدا ٥٩٠ لاپەڕەیە، لە گەشتێکی فەزایی و کاتی و فیکریدا دەتگوازێتەوە، لە ئێستەوە بۆ ڕابردوو و بە پێچەوانەشەوە، گەشتیارێک بەدوای ڕووی ئاسۆدا دەگەڕێ لەو کات و فەزایە یەک دەگرن، بەڵام

بە تەواوی لە ڕابردوو دوورت ناخاتەوە، بەڵکوو دەتباتەوە بۆ ڕابردووی ئەم دواییە، کە هەندێک لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتییەکانی تا ئەمڕۆش ئامادەن و ئەم ڕابردووە بەندە بەڕووخساری ئەرێنی لە عێراق لە سنووری حەفتاکان، کە ئەو کەسانە دەبینینەوە کە بە زێڕین وەسفی دەکەن، بۆیە ئەم ڕووخسارە شایەنی نۆستالژیایە، لە کاتێکدا ڕووخساری نەرێنی لە هەشتاکانەوە دەست پێدەکات، کە بە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد، کە سەرەتای زنجیرەیەک جەنگ بوو کە تا ئێستە نەوەستاوە: جەنگێک کە تا ئەمڕۆ ڕۆڵە لەدایک دەکات. ڕۆمانەکە لەم لایەنە ناوەستێت بەڵکوو ئیدانەکردنی ئەو بەشەی کە پێوەندی بە ساڵانی شەڕی داگیرکاریی عێراقەوە هەیە، کە کاریگەرییە ئازاربەخشەکانی تا ئێستەش ئامادەن. ئەوە ڕابردووە کە نزیکە لە ئێستە، بەڵام تایبەت نییە بە بوونی ڕابردووی باوباپیران کە دەتباتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم و لە پرۆسەیەکی پێوەندی وردی نێوان ڕابردوو و ئێستە، ئاشکراکردنی ڕووخساری ئەو ڕابردووە لە ڕێگەی یاداشتەکانی پاڵەوانەوە کەبۆمان دەگێڕێتەوە. لای هەردوو ڕۆماننووس دەسەڵات ستەمی لە ڕۆڵەکانی وڵات کردووە، بەڵام جیاوازی لەوەدایە لای ڕۆماننووس ڕێواس ئەحمەد: ئەو ستەمەی لەنەتەوەی کورد کراوە لەکاتی دەسەڵاتی بەعسی فاشست و حوکمی (سەددام حسین)دا کراوە وڕۆماننووس یەکێک لەنەیارەکانی ئەو دەسەڵاتە گۆڕبەگۆڕەیە،لە ڕێگەی ئەو شاڵاوە ترسناکەی ئەنفال،وێنەی ئەو ستەمە دەگوازێتەوە بۆ جیهان، بەڵام :لووتفییە دلێمی ڕەخنە لەدەسەلاتی ئێستەی عێراق دەگرێ وهەوڵی گواستنەوەی کاروکردوەی نایاسایی وپێشێلکردنی مافی مرۆڤی خستووەتە ڕوو،یاخییە ونەیاری ئەو بەرپرسانەیە کە عێراقیان بەرەو ئەو بارودۆخە خراپە بردووە،بەرەو دواکەوتن ولەناوچوون دەڕوات،لەهەمان کاتا باس لەخۆشگوزەرانی وئارامی وئاسایشی شاری عێراق دەکات لەحوکمی دەسەڵاتی پێشووی عێراق.

پاشکۆی باسەکە:

ڕێواس ئەحمەد: یەکێکە لە ئافرەتە ڕۆماننووسە ناودارەکانی کورد، چەندان ساڵە لە هەندەران دەژی، هەروەها چالاکوانێکە سەر بە حیزبی شیوعیی کوردستان، ڕێچکەی حیزبیی باوکی گرتووەتە بەر کە کادیرێکی بەناوبانگی هەمان حیزب بووە. لەساڵی (١٩٥٧)ز لە شاری «قەڵعەساڵح» سەر بە پارێزگای عەمارە لەدایک بووە. ئەو کاتە باوکی نەفی کراوە بۆ ئەو ناوچەیە، لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری چەپ پەروەردە بووە. باوکی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق بووە. بۆیە ژیانیان پڕبووە لە دەربەدەری و دەردەسەری لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ژیاون،قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی لە کوردستان تەواو کردووە،هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیدا تێکەڵی ژیانی سیاسی بووە،و لە ڕێکخراوی ژنان ولاوانی سەر بە حیزبی شیوعی کاریکردووە. لە ساڵانی هەفتاکاندا دەستی بە نووسینی هۆنراوە و وتار کردووە. لە ڕۆژنامەکانی بیری نوێ و هاوکاریدا بڵاودەکرانەوە. لە زۆربەی کۆڕ وسیمینارەکانی ئەو کاتەدا بەشداری دەکرد، لە چەند شانۆگەرییەکی ئەو ساڵانەدا بەشداریکردووە  ساڵی ١٩٧٧ لە زانکۆی کشتوکاڵی مووسڵ وەرگیراوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ وازی لە خوێندن هێنا لەبەر ئەوەی بڕیاری گرتنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرچووبوو. ماوەیەک بە نهێنی لە شاری سلێمانی دەژیا و کاری سیاسی دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتە سۆڤییەت و لە بەشی ئادابی زانکۆی مۆسکۆ دەستی بە خوێندن کرد. لە ساڵی ١٩٨٥ دا کە خوێندنی تەواو کرد، چووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لە بەشی ڕاگەیاندن کاری دەکرد. پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و تەسکبوونەوەی زۆنی ئازاد، کوردستانی بەجێ هێشت لە ناوەڕاستی ١٩٨٩دا لە سوێد نیشتەجێ بوو. پلەی خوێندن: ماستەرنامە لە ئەدەبی ڕووسی لە مۆسکۆ، ماستەرنامە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی مندالان لە ستۆکهۆڵم. لە کۆتاییی نەوەتەکاندا دەستی بە خوێندن کرد لە زانکۆ. هەرچەندە ماستەریشی لە ئەدەبی ڕووسیدا هەبوو. بەڵام هەردەم حەزی دەکرد لە ڕووی ئەکادیمییەوە شتێک لەسەر ئەدەبی مندالان بخوێنی. لە ١٩٩٩ دەستی بە خوێندن کردووە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە بەشی زانستی ئەدەبیات و بەشی

ئەدەبی منداڵانی هەڵبژارد. چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان و چیرۆکی هونەری و هەروا چەندان بەرهەمی لەسەر مێژووی ئەدەبی منداڵان و هونەری نووسی. لە ٢٠٠١ ماستەرنامەی لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بۆ منداڵان هێناوە.

لووتفییە دلێمی : نووسەر وڕۆژنامەنووسێکی عێراقییە لەساڵی "١٩٣٩"ز لەشاری بوهرزی سەر بەپارێزگای دیالە لەدایک بووە. دواتر ماڵیان دەگوازرێتەوە شاری "بەغدا " هەر لەوێ خویندن تەواو دەکات. بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەئەدەبی عەرەبی بەدەس دێنێ. پاشان دەبێتە مامۆستا، لە چەندان ڕۆژنامە کاردەکات بەهۆی لێهاتووی لە نووسیندا وەکوو چیرۆکنووس لە گۆڤاری "الطلیعة الادبیة" کار دەکات. دواتر دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری «الثقافة الاجنبیة العراقیة». هەروەها جگە لەمانە لە چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری عێراقی و عەرەبی بابەتی بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی "٢٠٠٤" سەنتەری شەبعادی لە بەغدا دامەزراندووە بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی ئافرەتان. نووسەر چەندان بەرهەمی نووسیوە. وانایەکی باشی هەیە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری. ڕۆمانە چاپکراوەکانی (عالم النساء الوحیدات - بذور النار ١٩٨٨- من یرث الفردوس ١٩٨٩- نساء زحل -ضحكة الیورانیوم٢٠٠٠- حدیقة حیاة٢٠٠٧ وکۆمەڵێکی تر لێکۆڵینەوە و کتێبی ئەدەبی وەرگێڕاو.

ئەنجام

١-نامۆیی ئایینی لەئەنجامی ئەو گوزەرانە سەختەیەکەتاک لەژیانی تێیدا دەگوزەرێ، بیرکردنەوە لە سزا و پاداشتی پاشەڕۆژ لەلایەن خوداوە، هۆکارن بۆ نامۆیی، هەروەها هەندێک پێیان وایە دوورکەوتنەوە لە خوداپەرستی هۆکارە بۆ نامۆبوونی ئایینی.

٢-هۆکاری نامۆیی ئایینیی پاڵەوانەکانی هەردوو ڕۆمان (گوڵچیای ڕۆحەکان) و (عشاق وفونوغراف وأزمنە) ئەو دەسەڵاتە دڕندەیە بووە کە بەناوی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، مافی کوشتن و نەفیکردن وزیندە بەچاڵکردن وسەربڕینی خەڵکی بێتاوانی بەخۆی بەخشیوە.

٣-کێشە و چارەنووسی ئافرەت، سەرچاوەی سەرەکیی هەردوو ڕۆمان بوون کە نووسەرەکان ئەم کێشانە لە ڕۆمانەکاندا بە ڕاستگۆیی بەرجەستەیان کردووە، بارودۆخی ئافرەتیان دەرخستووە لە دوای جەنگ و مردنی هاوژین و باوک و برا، ئەو ئافرەتە تەنیایانەی بژێوییان بۆ دابین ناکرێ، دووچاری چەندان ستەم بوونە لە کۆمەڵگە.

سەرچاوەکان


المصادر باللغه العربيه:

القرآن الكريم،سوره يوسف

الكتب:

أفرون، هنری،(١٩٨١)، جوهر الدين عندفيورباخ، ت. إبراهيم العريس، الطبعة الرابعة الموسسةالعربيةللدراسات والنشر، بيروت – لبنان

الدليمي،لطفيه،(٢٠١٦)، رواية عشاق وفونوغراف وازمنه،طبعه اولی،دار المدى، بغداد-عراق

الخطيب، محمد،(٢٠١٧)، الأديان في المجتمعات البدائية،: دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة،دمشق- سوريا

تبارك، زكي،(١٩٥٤) ،التصوف الاسلامي في الادب والاخلاق،،الطبعة الثانية، المكتبة العصرية، بيروت، -لبنان

جبور،عبدالنور،(١٩٩٨)، المعجم الادبي، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت – لبنان

زهران، سناء حامد (٢٠٠٤)،، ارشاد الصحة النفسية لتصحيح مشاعر ومعتقدات الاغتراب، الطبعة الاولى، مطبعة عالم الكتب، القاهرة- مصر

فرويد، سيغموند،(١٩٧٨)، الحلم و تأويله، ترجمة جورج طرابيشى، الطبعة الاولى، دار الطليعة،، بيروت – لبنان

عبدالسلام،حامد،(٢٠٠١)، الصحة النفسية و العلاج النفسي،الطبعه الرابعة، مطبعة عالم الكتب، القاهرة –مصر

يحيى، عبد الامير،(١٩٧٤)،الترجمه الذاتيه فى الادب الحديث، الطبعه الاولى، مكتبه النهضه المصريه، القاهره-مصر

المجلات والصحف :

كاظم،.نجم عبدالله،(٢٠٢٢)،حوارحول روايه عشاق وفونوغراف وازمنه مع لطفيه الدليمى، مجلة افكار، العدد ٣٥٨، الاردن

٢- المفرجى، علاء،(٢٠٢٢)،حوارمع الكاتبه لطفيه الدليمى،صحيفة المدى ،العدد٤٦٠٣

سەرچاوە کوردێکان:

ئەحمەد، ڕێواس،(٢٠١٠)،ڕۆمانی گولچیای ڕۆحەکان، چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریان، هەولێر

## ملخص

الغربة الدينية في ڕوايات ڕيواس أحمد ولطفية الدليمي
روايتى(گوڵچپاى ڕۆحەكان وعشاق وفونوغراف وأزمنة نموذجا
الاغتراب كظاهرة اجتماعية نفسية منتشرة في المجتمع البشري، وقد أدى مع الظروف المعيشية للأفراد إلى الضغط على تنمية الأفراد في جميع المجالات. أصبح الاغتراب موضوعا مهما للباحثين في العديد من المجالات مثل علم الاجتماع، والاقتصاد، والسياسة، وعلم النفس، والعلوم، والتعليم، والأدب، إلخ. حاول هذا البحث مناقشة قضية «الاغتراب الديني» والتفكير في أعمال كاتبتين. حاولنا في هذه الدراسة مناقشة موضوع «الاغتراب الديني» وانعكاسه في أعمال كاتبتين وكيف انعكست هذه الظاهرة على الشخصيات وسلوك الأبطال، وكذلك إظهار الجانب الابتكاري للروايات والارتباط بالحياة الواقعية (الأفراد والشخصيات) والتأثير على الحياة الواقعية وإظهار الجماليات الأدبية لكلا الكاتبين. وكيف انعكست هذه الظاهرة على الشخصيات في ڕوايتين لكلا المؤلفتين(ريواس أحمد ولطفية الدليمي)تظهر الجماليات الأدبية لكلا المؤلفين.) وفي نهاية هذا البحث وقد تمت مناقشة نتائج البحث في عدة نقاط وعرضت مصادر وملخص المناقشة باللغتين العربية والإنجليزية. لدي الكاتبتين ,فى الروايەالكورديە والعراقيە.

كلمات مفتاحية: الغربة الدينية، حديقة النفوس، المقارنة، عشاق وفونوغراف وازمنه

## Abstract

Religious alienation in the novels of Riwas Ahmad and Lutfia al-Dulaimi
My novel (Godgshayay ڕۆhaەkan, lovers, phonograph, and times as a model
Alienation as a socio-psychological phenomenon is prevalent in human society, and together with the living conditions of individuals, it has put pressure on the development of individuals in all fields. Alienation has become an important topic for researchers in many fields such as sociology, economics, politics, psychology, science, education, literature, etc. This research attempted to discuss the issue of “religious alienation” and reflect on the works of two writers. In this study, we tried to discuss the issue of “religious alienation” and its reflection in the works of two writers, and how this phenomenon was reflected in the characters and the behavior of the heroes, as well as showing the innovative side of the novels and their connection to real life (individuals and personalities) and the impact on real life and showing the literary aesthetics of both writers. And how this phenomenon was reflected on the characters in two novels by both authors (Riwas Ahmed and Lutfia Al-Dulaimi) showing the literary aesthetics of both authors. At the end of this research, the results of the research were discussed in several points, and the sources and summary of the discussion were presented in both Arabic and English. I have the two writers, in the Kurdish and Iraqi novels, and from God is success.

Keywords: religious alienation, garden of souls, comparison, lovers, phonograph and time